هەرێمی کوردستان.
بنکەی ڕۆشنبیری شەهید
زنجیرە( ٢٤)

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

# قەڵەم قامیش

وەرگێڕانی : عەزیز گەردی



هەرێمی کوردستان
بنکەی رۆشنبیری شەهید
زنجیرە ( 24 )

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

کۆمەڵە چیرۆک

# قەڵەم قامیش

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی

چاپی یەکەم
سلێمانی - 2007

# قەڵەم قامیش

بابەت : چیرۆك .

نووسینی : عەلی ئەشرەف دەروێشیان .

وەرگێڕانی لە فارسیەوە : عەزیز گەردی .

نەخشەسازی کۆمپیوتەر : بەختیار عەلی حەمە .

تایپ : رووبار .

چاپی یەکەم : سلێمانی 2007 .

تیراژ : 1000 دانە .

چاپ : چاپخانەی بینایی

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی بنکەی رۆشنبیری شەهید ژمارە ( 24 ) .

ژمارەی سپاردنی ( 956 ) ی ساڵی ( 2007 ) ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە .

# پێڕست


(1) قەڵەم قامیش .................... 5

(2) ئەم ساتە .................... 18

(3) خانوولکەی لباد .................... 27

(4) تارمایی .................... 35

(5) نیشانە .................... 51

(6) نان و نمەك بۆ پەڕی تاوس .................... 61

(7) شخارتەی ئەمین .................... 68

(8) دراوی کون .................... 75

(9) باریکە ڕێی بەر تریفەی مانگ .................... 85

(10) بەفرین .................... 93

(1)

## قەڵەم قامیش

کورێژگەکە دەمی چەقۆی لەسەر قاتۆری درێژی قامیشەکە داناو دەسکەکەی داگرت .چەقۆکە هێشتا لە گیانی قامیشەکەدا بوو کە برووسکەیەك لە دەمی چەقۆکەی داو شەوقەکەی بە دوڕ چاوی کورێژگەکە کەوت. گرمەی هەورەتریشقەیەك هات . لە پڕ رێژنە بارانێکی بە خوڕ دایکردە سەرقامیشەڵانەکەو رووی لووسی گۆمەکەی پڕ قەپووچکە کرد. (با) لە ناو قامیشەڵان هۆنەی دەکردو ورشە ورشی قامیشی وشکی بە هەموو لایەك دا بڵاو دەکردەوە .

پەڕپووتەکان ، لەگەڵ گرمەی هەورە تریشقە ، بەرەو قامیشەڵانەکە هەر رایان کرد . هەرە بچووکەکەیان خۆی لەناو ئاو نقووم کردو ئیتر لەسەر گۆمەکە دەرنەکەوتەوە. بارانەکە ، سارد بوو گیانی گۆمەکەی کون کون دەکرد . تەم نزم ببووەوەو دنیا لەبەر تەمو رێژنە تاریك و شێوا بوو.

کورێژگەکە ، قامیشەکانی بۆ پارچەی بچووکتر بڕی . چاوی راستی بە بنی قامیشەکەوە ناو لە کونەکەوە سەیری ئەوبەری گۆمەکەی کرد . لەناو بازنەی تەماوی قامیشەکەدا ، چەند ئوتومبێلێکی لەوبەری گۆمەکە بینی . سێ جێبی خاکی وەستابوونو چەند کەسێکی بارانیی رەش خەریك بوون لە جێبەکان

سەر هێنابووەوە بارانییەکانیان فراوانی گەورەو کڵاوی . دادەبەزین
کوڕێژگەکە . نەبوو دیار ڕێژنە و تەم لەبەر چاویان و دەم و سەریان
خشیو بەرەو پێشەوە هەورێك، پەڵە وەکوو سووك بەڵام نیگەرانی، بە
کردن . تەماشا کەوتە ، چڕەکانەوە قامیشە لەناو مۆڵەقەوە چاوی بە
باران ڕێژنەی لەبەر شووبەستوو چاوی و دەم بە ، ڕەشپۆشەکان
پەڕۆی تیلمە بە چاویان . خوارێ هێنایە جێبەکان لە کەسیان هەشت
کۆتکی وەکوو کە بارانەکە، ڕێژنە پشت لە ، بەستبوونەوە سپی
یەك تەنیشت لە هەموویان پەلەپڕووزێ بە ، خوارێ دەهاتە دەوخوون
پێچرابوو لەفاف بە ڕاستەی دەستی ، کەس یەکەمین . کردن ڕیز
قوماشی عەینی لە لەفافەکەش دەهات. لەفافەکە ژێر لە خوێن
دەم بە سیسی و نەرم سمێلی بوو. چاوەکانی سەر پەڕۆی تیلمە
لێ روونی بارانی دڵۆپە لاوە هەردوو لە دەخواردو باوەلوولی
وشاقەلی دەچوون و دەهاتن تەنگاوی بە ڕەشپۆشەکان . دەچۆڕایەوە
. دەجەڕا لەقاچ درێژەکانیان بارانییە

چنگی لەناو قامیشەکانی ، ببوو تەڕ باران لەبەر ، کوڕێژگەکە
داما و مات ببوو، وشك خۆی شوێنی لە جوولە، بەبێ . رادەگوشی
پێدا مووچڕکێکی جاروبار گۆمەکە. ئەوبەری بڕیبووە چاوی و بوو
پشك ، تیرێژ تیرێژ روون بارانی . دەهەژا گیانی هەموو و دەهات
. دەخزی بارانەکان پشکە لەبەینی تەم و دەبڕی هەوای پشك

ڕەشپۆشەکان تڤەنگەکانیان لە ژێر بارانییەکان دەرهێناوچۆکیان دادا . هەموو شوێنێ تەڕ بوو ، ئاوی گۆمەکە تا دەهات زیادی دەکرد . یەکێکیان کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو بەزمانێکی نائاشنا خوێندییەوە کە کوڕێژگەکە هیچی لێ تێ نەدەگەیشت . خێرا خیرا بە زمانگیراوی خوێندیەوە . کاغەزەکە تەڕ بوو , تلیسابەوەوە بە دەستی کابراوە نووسا . کابرا بە زەحمەت کاغەزەکەی لە دەستی خۆی کردەوەو پارچە پارچە فڕێی دایە سەر زەوی . بەڵام پارچەیەك بە دامێنی بارانییەکەیەوە نووساو لێ نەبووەوە .

تەقەیەك شۆڕابەی بلوورینی بارانی لەرزاندەوە . پەڕپووتەکان لە ناو قامیشەڵان بزر بوون . یەکەمیان ، ئەوەی لەفافی لە دەستی پێچرابوو لە شوێنی خوی جوولا. مستە کوڵەی راگوشی . راگوشین‌و تەقەی گوللەی تر نەفەری سێیەم و چوارەمی دوو بست فڕێدایە هەوا ، کە میردمناڵ و لاوازو رەقەڵە بوون . شتێ لە دوورەوە تەقی‌و بە خوڕترو بەتینتر دایکردە باران . پەڕپووتێکی تۆقیو ، بە بەر پێی کوڕێژگەکەدا تێپەڕی و بە پەلە سەری خۆی لە ناو پووش و پەلاشی داوێنی قامیشەڵانەکە نا بەڵام کلك و پێیە زەردو بە پەڕە بڵاوەکانی لە دەرەوە مانەوە . کوڕێژگەکە زیاتر لە لەرزینی پەڕەکانی پێی ئەو باڵندە ئاوییەیە ترسا .

دوای تەقەی گوللەکان , هەموو شوێنێ کپو بێ دەنگ بوو. پەرپووتەکە بە هەراسانی و بە زەحمەت و مشەققەت ، لە ناو پووش و پەڵاشی قامیشەڵانەکە هاتە دەرەوە . بەڵام لەگەڵ دەنگی ئەو گوللانەی لە مەدایەکی دیارەوە تەق تەق دەتەقین , بە بێ جووڵە لە جێگایەك وەستا . لەگەڵ هەر تەقەیەکا سەری بچووك و رەنگ ماهووتی رادەچلەکی . پشتی تووکنی , کە دڵۆپە بارانی لەسەر دەخزی , هەشت بار بە پت لێدانی نادیار لەرزی. بە هەلەداوان خۆی بە ناو ئاو داداو نقووم بوو .

باران لێی کردەوەو تەم رەوییەوە ، کورپێژگەکە هاتەوە سەر خۆی . سست و مەندەهۆش . هەستی کرد دڵی هەتاوێکی گەرمی دەوێ . وەکوو هەموو رۆژێك ، چاوەڕێی کرد تا خالۆ سیاوەشی دراوسێیان بۆ قامیش کردن دێ . خەریك بوو دەم و چاوی تەڕی بە پشتی دەست و بە لاچکی چاکەتی وشك دەکردەوە . کە لە دوورەوە گوێی لە دەنگی خالۆ بوو :

های ... هاو ... هاو ... هاو .. !

کورپێژگەکە ، کە دەنگی دەلەرزی ، بە مێشکی شلەژاوو بە پتەزمانی وەڵامی دایەوە :

های ... هاو ... هاو ... هاو .. !

دوای نەختێ , خالۆ سیاوەش لە ناو قامیشەکان بە دەرکەوت , لە بەرامبەری وەستاو چەفیەی تەڕی لەسەر کردەوە بۆ ئەوەی بیگوشێ :

چ تۆفانێکە ! چ ڕۆژێکی تووشە ! بەلاش هاتین !

کوڕێژگەکە چاوی قورس‌و واق وڕماوی لەسەر گۆمەکە کەلەلا کردو گوتی :

لە پڕ هاتن . لەگەڵ ریژنە باران . لەوێ ...

تازە چوو , ئەوەتا هاتووین , واچاکە دەست بە ئیشی خۆمان بکەین .

کۆکەیەکی کردو رووی کردە قامیشەڵانەکە . پێڵاوی لاستیکی لەسەر قوڕو پووش و پەڵاشی رزیو دەخزی .

لە پێش هەموو شتێ دەبێ ئاگرێك بکەینەوە , ئاگر .. !!

لەبەر ئاگر دانیشتن . جل و بەرگیان هەڵمی لێ هەڵدەستا . خالۆ لێوی چەقۆکەی لە سەر پشتی نینۆکی دانا . کوڕێژگەکە بە دەستی لەرزۆکی ئەوبەری گومەکەی نیشان داو بە ترسەوە گوتی :

لەوێ . لە پشت قامیشەلانەکە ...

خالۆ سەیری ئەولای کرد :

لەوێ چ بوو .. ؟

لەوێ راوکەرەکان کوشتارێکی زۆریان کرد .

خالۆ چاوی بڕییە سەرو سیمای کوڕێژگەکە :

ئەوە بۆچی رەنگت وەکوو شعادەی لێ هاتووە .. ؟ وەرە نیشانم بدە چ بووە برام ؟

کە گەیشتنە ئەو شوێنەی کوڕێژگەکە نیشانی دابوو ، جۆگەیەکی باران و خوێن بە بەر پێیان دا دەڕۆیشت . خالۆ داهاتەوە :

راوکەرەکان ! بەیانی ، بەم زووە .. ؟

کوڕێژگەکە لەرزی پێدا هات :

تەقەی گوللە دەهات ... رێژنە بوو . پەڕپووتەکان زۆر ترسان ...

هەڵبەت لە رەوە شوورێکی گەورەیان داوە !

کوڕێژگەکە هەر مات و بێ دەنگ بوو :

هەشت دانە بوون .

کێ ؟

شوورەکان . مسۆگەر خەونم دیوە .

چاوە تادارەکانی هەڵگلۆفت :

بە جۆرێ قسەیان دەکرد هەر هیچ تێ نەدەگەیشتم .

خالۆ لەسەر زەوی دانیشت و بە دەست قوڕەکەی تێك وەردا :

ئەمە شوون پێی بنیادەمە . ژمارەیان زۆر بووە . شوونی شوورەکانیان پێماڵ کردووە .

شتێکی سپی وەکوو لۆکەو نەرمی وەکوو گەچی مردووی ، بە پەنجەی شەهادە لە ناو جۆگای خوێن هەڵگرتەوە :

گوللەیان لەسەر داون . لە نزیکەوەش .. !

نەختێ بیری کردەوەو چاوی بڕییە قامیشەڵانەکە:

غافڵگیریان کردوون .

کوڕێژگەکە گوتی :

مسۆگەر .. !

هەردووکیان بە ناو قامیشی چڕدا گەڕانەوە لای ئاگرەکە , کە خەریك بوو گڕی دادەمردەوە . خاڵۆ دەستی بە دووزەلە دروست کردن کردو کوڕێژگەکەش ئەو قامیشانەی بڕیبوویەوە ، سەرو بنی ڕێك خستن و لە ناو کیسەی خۆی نان. خاڵۆ لە یەکێ لە قامیشەکان ورد بووەوە :

سەیرکە ! قامیشەکان پەڵە خوێنیان پێدا پرژاوە .. !

کوڕێژگەکە قامیشەکانی لە ناو دەستی سووڕاند :

دادە گەورەم دەیگوت : هەر کاتێ برووسکەو هەورە تریشقە لە قامیشەڵان بدا , قامیشەکان پڕ پەڵە خوێن دەبن .

ڕاست دەکا . منیش بیستوومە .

سەرەبزۆتێکی سووری هەڵگرت , بە هێواشی فووی لێکرد بۆ ئەوەی گەش بێتەوەو بە مەودایەکی دیارو تایبەتی , ڕووی لووسی قامیشەکانی سووتاندو یەك ریز کونی تێ کردن . دوو قامیشی کون کونی لە تەنیشت یەك داناو بە داوو شەمێ مشت توند توند

بەستی . ئینجا دوو قامیشی کورتترو باریکتری بە چەقۆ قەڵشت و لە زارکی قامیشە کون کونەکانی راکردن و بە شێنەیی گوتی :

دووزەلەیەکی باش دەرچوو .. !

دەستەکانی بە ئاگر گەرم کردەوە . چەفییەکەی , کە هێشتا تەواو کزر نەببوو , لەسەری ناو دووزەلەکەی بە لێوییەوە نا . دووزەلە چریکەی لێ هەستاو لە پڕ گۆم و قامیشەڵان و دنیا هەمووی کپ و ئارام بوو , بۆ ئەوەی دەنگەکە بە هەموو شوێنێ بگا :

بژەن نەیژەن , بژەن نەیژەن
چ خۆش خۆش دەیژەنی نەیژەن
بژەن دەی دەی لە کۆڵانان
ئەمنیان کوشت لە قامیشڵان

خالۆ خێرا دووزەلەکەی لەسەر لێوی هەڵگرت و لە کوڕێژگەکەی پرسی :

یەکێ لە ناو قامیشەڵانی دوور خەریکە گورانی دەڵێ , گوێت لێیە ؟

کوڕێژگەکە بە سەرسامی لە خالۆ نز بووەوە , گوتی :

تۆ خۆت بووی گۆرانیت دەگوت , خالۆ .. !

" من ؟! ... من تەنیا دووزەلەم لێدا .. !

بە وردیو بە مەراقەوە سەیری دووزەلەکەی کردو پشکنی , دووبارە بە لێوییەوە نا :

بژەن نـەیژەن ، بژەن نـەیژەن
چ خۆش خۆش دەیژەنی نەیژەن
بـژەن دەی دەی لـە کـۆلانـان
ئەمنیان کوشت لە قامیشلان

خالۆ یەکسەر دووزەلەکەی لە گیرفانی شاردەوە :

بەلێ ، راستە . یەکێ لە دوورەوە، بە دەم دووزەلەکەی من گۆرانی دەچرێ . چەند بە غەمباریش دەیچرێ .. !!

رۆژی پاشی کوڕیژگەکە قامیشەکانی بردە مالی مامۆستاکەی‌و لەبەردەم مامۆستا داینا . مامۆستا تەماشای چاوی سوورو تاداری کوڕیژگەکەی کردو دەستەتەڕو ناسکەکانی گرتە ناو دەستی خۆی :

(تا) ت لێیە کوڕم ! دەستت ئاگری لێ دەبارێ .

کوڕیژگەکە بە هێواشی گوتی :

دوێنێ چووبومە ناو قامیشەلان ، قەلەم قامیشێك ببڕمەوە . کەوتمە ناو برووسکەو هەورەتریشقەو رێژنە باران .

مامۆستا سەرێکی باداو سەرمەشقێکی بۆ کوڕیژگەکە دادا :

ئەمەش سەرمەشق ... چەند رۆژێك لە مالەوە بمێنەوەتا چاك دەبیتەوە . خۆت بە مەشقەکان بخافلێنە .

کوڕیژگەکە یەك حەفتە لە مالەوە مایەوەو لە ناو (تا)و گەرمادا سووتا . کە چاك بووەوە ، هەر بە راکشاوی لە ناو نوێنەکەی دا ، مەشقەکانی خۆی نووسی‌و کە لێ بوەوە ، چووە لای مامۆستاو

مەشقەکانی دایێ . مامۆستا , کە دەستخەتی کوڕیژگەکەی بینی , لە سەرسامییان دەمی بەش بووەوە :

حەشرت کردووە کوڕم ,... ئەمە ... ئەم خەتە تۆ نووسیوتە ..؟

کوڕیژگە کەرەنگی گوێچکە ناسکەکانی وەکوو رەنگی مەرجانی لێ هات :

بەڵێ , مامۆستا .

مامۆستا بە سەرسامی چاوی بەسەر کاغەزەکەدا گێڕاو گوتی :

بەڵام ... ئەمە ... ئەو ... ئەو سەرمەشقە نییە کە من دابووم , ئەمەت لە کوێ .... ؟

کوڕیژگەکە گوتی :

(تا)م لێ بوو , بە دەست خۆم نەبوو . هەر دەتگوت ... قەڵەم قامیشەکە خۆی لەسەر کاغەزەکە دەخزی .

مامۆستا چاویلکەکەی لەسەر لووتی جووڵاندو چاوی بڕییە نووسینی کوڕیژگەکە :

من ترسم م م م نیە یە یە یە ...

ئەگەر ئەم خەخەخە خەونە لە خەوی ی ی ی پەرێشانی ی ی ی شەوێ ێ ێ بێ ێ ێ ێ ...

یان لە وڕێنەی ی ی ی (تا)یەك ك ك ك

یان لە چاوی بە ئاگا ا ا ا

یان لە گیانی قامیشی غەمبار ر ر ر .

ئینجا بە چاوی لێڵ و پێڵ سەیری لاپەڕەکەی کرد :

چەندین جار ار ار لە خوێ خوێنیان گەوزاندین .

بێنەوەوەوەوە بێنەوەوەوەوە بێنەوە بیر خۆت

وووو تاکە بەرهەمیش تەنیا کوشتارو کوشتارو کوشتار ر ر ر... و چنکە نانێکی بێ پێخۆری ی ی ی خوانی ی ی ی بێ بەرەکەتی ی ی ی ئێمە مە مە مە بوو وو وو ...

مامۆستا لە پڕ هەڵچوو :

من پێم گوتی هیچ کاتێ کە (تا) ت لێ بوو , خەت مەنووسە .

کوڕێژگەکە وەکوو قامیش بە زولالی هاواری کرد :

لەشم ساخ بوو مامۆستا , چاك ببوومەوە .

مامۆستا هاواری کرد:

(تا)و وڕێنە .. !

کوڕێژگەکە , بیری لە لەرزینی پشتی باڵندە ئاوییەکەو پەرە لەرزانەکانی قاچی کردەوەو بە ترسەوە لێوی جوولاندەوە :

مامۆستا , بەخوا حاڵم زۆر باش بوو . تەنیا حاڵی کەمێ ... حاڵم ... ڕەنگە ...

کوڕێژگەکە دەمو چاوی ئەوەندە دڵسۆزو بێ گوناه بوو , مامۆستا دڵی نەرم بوو و چاوی بڕییە نووسینەکان . مامۆستا

گۆرانییەکی لە کۆلانە دوورەکانەوە کەوتە بەر گوێ .دەتگوت هەموو بالندەکانی دنیا بە دەم ئاوازی دووزەلەیەك گۆرانی دەلێن:

بژەن نەیژەن , بژەن نەیژەن
چ خۆش خۆش دەیژەنی نەیژەن
بژەن دەی دەی لە کۆلانان
ئەمنیان کوشت لە قامیشلان

مامۆستا , کە گوێی لە گۆرانییەکە بوو , توورە بوو :

ناچارم دووبارە سەرمەشقت بۆ دابدەم . قەلەم قامیشەکەتم بدەرێ

کوڕێژگەکە قەلەم قامیشەکەی دایە مامۆستا. مامۆستا خۆی گرمۆلە کردو دەستی بە نووسین کرد . کە لێ بووەوە , سەر مەشقەکەی لەبەر دەم کوڕێژگەکە دانا :

بە دەنگی بەرز بۆم بخوێنەوە .

کوڕێژگەکە بە دەنگی باریکی دەستخەتی مامۆستای خوێندەوە :

من ترسم نییە ..

ئەگەر ئەم خەونە لە خەوی پەرێشانی شەوێ بێ ...

مامۆستا هاواری کرد :

ئەو سەرمەشقەی من داومە , ئەو بخوێنەوە . نەك ئەوەکەی خۆت .

کوڕێژگەکە لەرزی پێدا هات :

ئەمە ... ئەمە سەرمەشقی خۆتانە مامۆستا .. !

مامۆستا بە تووڕەیی کاغەزەکەی لەدەست کوڕێژگەکە راپسکاندو کە دەستخەتی خۆی بینی ، راچڵەکیو چاوی بڕییە ئەو قەڵەم قامیشەی لە ناو دەستی دەلەرزی :

ئەم قەڵەم قامیشە ! بە پەڵە خوێنە .. !

کوڕێژگەکە چاوی (تا)داری بڕییە باڵندەی رەنگ کاڵەوەبووی سەر رایەخی ناو عەرزی ژوورەکە :

دادە گەورەم دەیگوت : هەر کاتێ برووسکەو هەورە تریشقەو رێژنەباران لە قامیشەڵان بدا ، قامیشەکان ...

❊ ❊ ❊

## (2)

# ئەم سانە

چنارەکان سی جار گەلایان زەرد بوو و قەدی رووتیان سی جار لە ناو بەفرو سەرمادا لەرزی .

کابرای تەمەن سی‌و شەش سالّی لە تەنیشت پەنجەرە وەستاوەو تەماشای شووشەی لاشیپی کراوەی دەرگا دەکا . باوکی لەوێیە . هاوزێ خۆی بوو . قژو برۆو لێوەکانی هەمیشە قرمساو , کەپووی کورت‌و سمێڵی پان‌و پۆڕ , تازە تاڵە مووی سپی لێ پەیدا ببوو , دەق وەکوو ئەم , خۆی .

لە پەنجەرەوە سەر هەڵدەکێشێ . شەش نهۆم دوور لە جادە . دوور لە قیڕتاو ! دوور لە چیمەنی بن چنارەکان . چنارەکان بۆ سەرەوە هەڵکشاون . چوار نهۆم بۆ سەرەوە هەڵکشاون . ترۆپکەکەیان دەبینێ لەگەڵ (با) دا , شەپۆڵ دەدا . چڵەپۆپەی ناسکیان تاقەتی راگرتنی قەلەرەشەکانی نییەو بە هێمنی لار دەبێتەوە .

ئەو رۆژگارە , چنارەکان کورت و ناسك بوون . بە لۆرییەکی شارەوانی هێنایانن‌و لە قۆرتەکانی رۆخ جۆگا چاندیانن . کەبە تەنیشتیاندا دەڕۆیشت , هێدی بەدەستە بچکۆلەکانی دەیجولاندنەوە. باوکی دەیگوت :

وریا بە کوڕم , ڕەگی دەجوولێ‌و وشك دەبێ , هێشتا خۆی نەگرتووە .

ئەمڕۆ , هەر ئەمڕۆ . دایکەیان بە خاك سپارد . دوور لە زێدی خۆی کە هەمیشە ئارەزووی دەکرد بگەڕێتەوە ئەوێ . هەمیشە خەونی بە لێڕو دارگوێزەکانی دەدی , هەمیشە لەبەر خۆیەوە , بە ورینگە ورینگ گۆرانی تاڵ و شیرینی دەگوت :

**وەرە سەرلەنوێ دۆستایەتیمان دا بمەزرێنین**

**من دەبم بە دارنارنج و تۆش بە دار لیمۆ**

دایە سی ساڵ دوای باوکە ژیاو سی جاری تر زەردبوونی گەڵای چنارەکانی بینی . چەند کەسێ لە دۆستە دێرینەکانی باوکە بۆ پرسە هاتبوون . یەکێکیان نووسەرێکی پیر بوو ماچی کردو گوتی :

دەق وەکوو باوکت وای ... بەڵام ...

بەڵام چی , مامە گیان .. ؟

ئەو وەکوو تۆ گۆشەگیرو داهێزراو نەبوو . یەك پارچە گڕو ئومێد بوو .

تەنانەت ئەو کاتەش کە لە بن چنارە ناسکەکان کەوتبوو .. ؟

نووسەرە پیرەکە گوتی :

بە یەکەوە لە زیندان ئازاد کرابووین .

لەگەڵ کۆمەڵێ لە برادەرەکانی هاتنە سەردانم .

دیارییەکیان بۆ هێنا بووم : پەنجا دانە قەڵەم جافو سەد دانە دەفتەری سەد پەڕی .

پێشتر ئەمەم بیستبوو .

کە دیارییەکەی دامێ گوتی : بنووسە . گوتم : بە چاوان , کاکە گیان , بۆ خاتری تۆ دەنووسم .

لە تەنیشت پەنجەرەی ژوورەکە وەستاوە , تەماشای وێنەی خۆی دەکا . سەر لە جادە هەڵدەکێشێ . دەنگی دایکەی دێتە گوێ :

سیروان کوڕم , سەرت بکێشەوە .. ! لێت دەدەن .

خۆی دەکێشێتەوە . دایکە بە هەراسانی و رەنگ پەڕیوی چاولە باوکە دەبڕێ . باوکە گوێی بۆ دەنگی ترپەی پۆستاڵ هەڵخستووە کەبە پلیکانەی بیناکە دەکەوێ . هەڵکێشەکە (ئەسانسۆر) لەبەر نەبوونی کەرەستەی یەدەك , کار ناکاتو ئەوان خەریکن بە پلیکانەدا دێنە سەرەوە . باوکە دەیەوێ لە گۆشەی پەنجەرەوە چاو بە دەرەوەدا بگێڕێ , گوللەیەك راستەوخۆ بە بەرامبەر پەنجەرەکەدا تێدەپەڕێ و لەولاتر بە دیواری خانوویەك دەکەوێ . ژنە دەقیژێنی :

سیروان , رۆڵە ! وەرە ئێرە . لەسەر عەرزەکە دانیشە !

باوکەدەڵێ : تەنیا ئەو شارەزای ماڵەکە بوو .

دایکە دەپرسێ : دوێنێ چووینە کوێ .. ؟

چووم تەلەفۆن بکەم .

کەس تاقیبی نەدەکردی ؟

نەء .

دڵنیای ؟

بەڵێ .

نەچوویتە شوێنی تر ؟

نەء . تەنیا بڕیارم لەگەڵ ئەمین هەبوو . چەند شەقامێك خوارتر تەلەفۆنم کرد .

چی وەڵام دایتەوە ؟

هەڵێ گرت بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە .

بێ شك خۆی لەماڵەوە نەبووە .

نازانم . ئەو قسەیەی دەبوو بیڵێ , نەیگوت . منیش یەکسەر تەلەفۆنەکەم داخست .

پاشان چیت کرد ؟

گەڕامەوە ماڵێ . بۆ شوون بزربش , بە چەند کۆڵانێکی خوارتر دا هاتمەوە . هەموو شوێنێ ئارام بوو . بارودۆخ ئاسایی بوو .

ژنە چووە پشت دەرگاو دەستی لەسەر دەسکە ئاسنەکە دانا .

کابرا گوتی :

دەستی لێ مەدە .. !

ژنە گوتی : خەریکن دێنە سەرەوە . زۆرن .. !

کابرا گوتی : ماڵەکە ئاشکرا بووە .

یانی ئاوا زوو ؟

کێبڵ و پێستەو ئێسقان .. !

کاک ئەمینیشی بینی لەسەر چوارپەل بەبەردەمیدا تێپەڕی . دەورو بەری پڕ ددان و نینۆك و خوێن بوو .

ئەمین لەگەڵ دەنگی ژنەکە دوور کەوتەوە .

بەڵام ئەو هەمیشە چەکی پێ بوو .

کابرا چاوی خێرا دەجووڵایەوە بۆ ئەوەی کاک ئەمین لەناو تەمی سوردا بدۆزێتەوە :

هەندێ جار گوللە گیرۆ دەبێ و ئیتر ...

ئیتر چی ؟

ژیان شیرینە . چنارەکان ببینە چۆن بە پەرۆشەوە خۆیان بەرەو خۆر هەڵدەکێشن . قەلەرەشەکان ببینە بە چ هەوڵ و تەقەللایەك هێلانە لەسەر درەختە دوورەکان دەکەن .. !

یانی کاک ئەمین .. !

تەنانەت من خۆیشم ...

هێدی لەسەر زەوی , لەسەر چوار پەل بەرەو پەنجەرە چوو و بە وریایی سەری لە خوارەوە هەڵکێشا . سێ دانە جێبی خۆڵەمێشی لەوێ وەستابوون , بانەکەیان شەترەنجیی رەش و سپی بوو .

کابرا خۆی لەسەر زەوی خپ کردو گوتی :

رەگ و پێستەو کێبلێ . ئێسك و ئاسن .

کوڕیژگەکە برووسکەیەکی خێرای لەچاوە رەشەکانی باوکی بینی . دەماری هەنیەی هەستا بوو . ژنە دۆلکە ئاوێکی لە سارنجۆك هێناو لە پەرداخی کرد . دەستی دەلەرزی . ئاوەکە لەسەر رژایەوەو دەستی تەڕ کرد . پەرداخەکەی دایە سیروان :

بخۆرەوە . رەنگت وەکوو گەچی لێ هاتووە .

ئێستا هەست بە فێنکایەتی ترسالووی ئاوەکە دەکا لەگەرووی . درەختەکان سی جار , رووت و قووت ببوونەوەو قەدی رووتیان لە ناو بەفرو سەرمادا لەرزی بوو . قەلەرەشەکان سی جار هێلکەیان لە ناو هێلانە تازەکانیان دانابوو . ئێستا نەیدەزانی ئەوەی لەسەر شووشەی پەنجەرەکە دەرکەوتووە , وێنەی خۆیەتی یان هی باوکییەتی . هەر لەو بلندایییەوە , چاوی بڕیبووە ئەو پەلەیەی که تا دەهات لێی دوور دەکەوتەوە, تا لە تەنیشت ئەو سێ جێبە خۆلەمێشییە بەربووەوە سەر قیرتاوەکە .

ئاخ بابە .. !

ئەمە هاواری کێ بوو ؟ چاوی بڕییە مینای پەنجەرەکە , ئەوە خۆی بوو یان باوکی ؟ دەنگی وەکوو دەنگی ئەو مندالە شەش سالییە وابوو , کە تازە ناویان لە قوتابخانەی نزیك مالەکەیان نووسی بوو

بۆ ئەوەی مانگێکی تر بچێتە قوتابخانە . جانتایەکی جوانیان بۆ کڕی بوو . بابە گفتی دابوو دەفتەرو قەڵەم و تراشۆکیشی بۆ بکڕێ .

بابە هەر دوور کەوتەوەو دوورکەوتەوە . تا بوو بە وێنەی پەڵەیەکی سەر رووی قیرتاوی تەنیشت چنارەکان .

ئاخ بابە !

لە پشت دەرگا , هات و هاوارو زەنا بوو . لە ناو ناندین , کتێب وبەلگەنامەو جزوو دەسووتان . دایکە بە دەستەپاچەیی , لە ژوورەوە ، لەسەر هەر چوار پەل خولی دەخواردەوەو بۆ ئەوەی زریکژنی دەرنەچێ , لنگە گۆرەوییەکی لە دەمی خۆی پەستا بوو .

ژنە لە پڕ لنگە گۆرەوییەکەی لە دەمی دەرهێنا :

چ بکەین ؟!

بەگیانی خۆت‌و سیروان , منداڵەکەم بە تەنیا جێ مەهێڵە! خۆت هەر چۆنت دەوێ وا بژی , بەڵام منداڵەکەم تەنیا جێ مەهێڵە !

ئەی تۆ لەگەڵمان نایەی ؟

کابرا چووە پشت دەرگا . خەریك بوون بە قۆنداغە تفەنگ دەرگایان دەشکاند . لە پڕ کابرا گەڕایەوە . دەم‌و چاوی گەش‌و ئارام بوو . دەماری هەنیەی لە هەموو کاتێ زیاتر هەستابوو . بریقەی چاوەرەشەکانی زیاتر ببوو . رایکردە لای پەنجەرەو بەتیژی بەناو چوارچیوەی بەتاڵی پەنجەرەی کراوەدا فڕی . سیروان باوکی دی

تەماشای دەکرد . دیتی دەستو پێی لێك بڵاو بوونەوەو بە رەهایی چووە خوارێ . شتێکی سەیرو پڕ رەمزی لە چاواندا بوو , رازێ بوو کە ئێستاش , دوای تێپەڕینی سی جار رووتو قووت بوونی چنارەکان , هێشتا لە مانای نەگەیشتووە .

باوکە خەریك بوو دەچووە خوارێ . خوارێ . حەزی دەکرد وەکوو فلیم دووبارە بگەڕێتەوە دواوە, بێتەوە سەرێو لەسەر لێوی پەنجەرە دابنیشێ .

ئێستا خەریکە باوکە رادەکێشێتەوە . هەر بە دەستو پێی رەها لە هەواوە , هێنایەوە لێوی پەنجەرەو هەر بەو چاوە رەشو روونانەوە سەیری چاوە روونەکانی کرد . رازەکە لەوێدا بوو . لە پڕ دۆزییەوەو لە دڵی خۆی دا گوتی : چاوی باوك ! ئێستا ئەوا لە هەموو شتێ گەیشتم .

باوکە هەر دوور کەوتەوەو دوورکەوتەوە تا بوو بە پەڵەیەکی رەش , کە چەند گوڵێکی سووری لە تەنیشت سەربوو , گوڵە سوورەکان چەند گوڵێکی پەمەیی سپییان تێدا بوو , لە تەنیشت دارچنارە نازکەکان , لە نزیك ئەو سێ جێبە خۆڵەمێشییەی بانیان شەترنجیی رەش و سپی بوو , بەر بوودوە .

سیروان , بە تەنێ لە تەنیشت پەنجەرە وەستاوە . سی ساڵ پێش ئێستا تازە ناوی خۆی بۆ قوتابخانە نووسی بوو . شەوقی خوێندنو

نووسینی لە گیاندا دەگەڕا . دەق وەکوو باوکی . قوتابخانە هێشتا نەکرابوەوە , بەڵام ئەم هەموو ڕۆژێ بەیانی , جانتا نوێکەی هەڵدەگرت و زنجیرەکانی دەکردەوەو دایدەخستەوە . چەند دەقیقەیەك لە پشتی خۆی دەبەست . باوکە کە دەیدی بە پێکەنینەوە دەیگوت :

پیرۆزە ئازیزەکەم . جانتایەکی چەند جوانە ! نەمردم و چوونە قوتابخانەی تۆم بینی !

دایکەش بە گوڕاح خۆشی دەیپرسی :

ئەوە دەچیتە کوێ کوڕی نازدارم .

سیروانیش بەسیمایەکی سەنگین وەڵامی دەدایەوە :

قوتابخانە !

سیروان تەماشای چڵەپۆپەی درەختەکان دەکا . ئیتر ئەو پەڵە سوورەی کە گوڵی سورو سپی لەتەك بوو , لەسەر قیرتاوەکە نەماوە . ئیتر جێبە خۆڵەمێشیەکان هیچ شوونیان دیار نییە !

ژنێك , لە بن دارچنارەکان , لەسەر ئەو چیمەنانەی تا دوور , تا ئاسۆ درێژ بوونەتەوە , گۆرانی دەڵێ و توررەی سەرپۆشەکەی لەبەر بادا شەپۆل دەدا . چەند هەنگاوێکیش بەولاوە , قەلەرەشەکان لە دەوری یەك هەڵنیشتوون .

* * *

(3)

## خانوولکەی لباد

لە سۆزی سەرما لە خەو راپەڕی . قاچەکانی تا قولەپێ ژانی دەکرد . لە بەینی ئەژنۆکانی بابە گەورە خپ ببوو . پشتی خۆی بە زگی بەتاڵو داقۆپاوی دادابوو . دڵی دەخێورایەوە . بەبێ تاقەتی پێڵوەکانی لێك کردەوە . لەولاوەش , لە دەرەوەی کەپەنکی بابەگەورە بارۆڤەو زریان لێی کردبووەوە , بەڵام هەوا هێشتا زۆر تووش‌و سارد بوو .

دوو رۆژ بوو لەو خانوولکە لبادە بچووکەدا , پێکەوە چەسپابوون‌و لەناو یەکدا گرمۆڵە ببوون . بابە گەورە لەگەڵ لەرزو جووڵانەوەی کوڕیژگەکە , خۆی جوولاندەوەو بە دەنگێکی گران گوتی :

سیرۆ , دەرەوە زۆر ساردە !

کوڕیژگەکە بە چاوی نیمچە کراوە لەدرزی پێشەوەی کەپەنکەکەوە نشێوایی تەپۆڵکەکەی بینی یەك پارچە سپی ببوو , سپیەکی ئاماڵ شینی کاڵو لەولاتریشەوە , تەمێکی ئەستوور هەموو شوێنێکی داگرتبوو .

باپیر , برسیم .

بابەگەورە دەستی لەبن کەپەنك بردە دەرێ . چنگی لەبەفر گیرکرد بەفرەکەی لەناو پەنجەکانی گوشی‌و لەبەر دەم سیرۆ رایگرت :

بخۆ !

کوڕیژگەکە , کە قەپی لە تۆپەڵە بەفرەکەدا , گرڕەی جیتێکی تیژ زەوی هەژاندەوە . لە ناکاو, شتێ بە دەنگێکی کپو نەرم بە پشتی کەپەنکەکە کەوتو باڵندەیەکی هەراسان لە درزی سەرەوە خۆی فڕێ دایە بەر پێی کوڕیژگەکە .

بابە گەورە لە تەنیشت سەری کوڕیژگەکەوە , سەیری باڵندەکەی کرد :

ئاه , ریشۆڵە ! ئەوە لە چ ترسای ? لە فڕۆکە , لە باشووکە ?

بابە گەورە باڵندەکەی لە دەست سیرۆ وەرگرت . بە دوو پەنجەی گەورەو شادەنوێژە , چیکلدانی هەڵگلۆفت :

برسییەتی . سیقەتۆرەی بەتاڵە .

سیرۆ بە تەقەللا دەستی بردە ناو گیرفانی :

هیچمان نیە بیخوا .

دەستی لە گیرفانی دەرهێنا. هەندێ پارچە شتی وردو کەمی بە سەری پەنجەوە نووسا بوو . لە پێش باڵندەکە رایگرت :

هانێ ! ریشۆڵە ! بخۆ !

باڵندەکە گوتی : قیامەت ! قیامەت !

کوڕیژگەکە لە باڵندەکە نز بوەوە . باڵندەکە کەلەشی لە چۆلەکەکە گەورەتر بوو کلکی کورت بوو . قاچەکانی مەیلەو بەهێزو

باڵەکانی درێژ بوون . سەری خڕو بنەوشەییەکی وابوو خۆی بە رەش دەنواند . لەشی پڕ خاڵی سپی بوو .

بابە گەورە دەستی بەسەر باڵندەکەدا هێنا , کە چاوە سوورەکانی پڕترس بوون , هەڵیسەنگاندو گوتی :

گۆشتێکی حەڵاڵە !

کوڕێژگەکە باڵندەکەی لە دەست بابەگەورە راپسکاند :

برسییەتی باپیر !

بە باڵندەکەشی گوت : ئازیز !

ئینجا بە دوو پەنجە پارچە بەفرێکی لەبن لێوی کەپەنکەکە هەڵگرت . لەبەر دەنووکی باڵندەکە رایگرت . باڵندەکە بە توندی سەری راهەژاندو بەفراو بەسەر دەمو چاوی کوڕێژگەکەدا پڕژا .

بابە گەورە بە خاو و خلیچکی گوتی:

ئەمە گۆشتێکی حەلاڵە , سیرۆ !

کوڕەکە گوتی : ها !

ئەمرۆ سێ رۆژە هیچمان نەخواردووە .

کوڕێژگەکە دەستی بەسەری باڵندەکەدا هێنا کە ئێستا مۆر ببوو :

ئازیز !

سەری خۆی لە پشتەوە داگرتە سەر سینگی بابەگەورە , کە خیسەخیسی دەکرد:

باپیر , له ترسان دەلەرزیّ !
سەری باڵندەکەی ماچ کردو پرسی :
باپیر , راستە بابەو دایەو زیوەر چوونەتە میوانداری ؟
ئا , گوتم چونەتە میوانداری .
چوونەتە کویّ ؟
چوونەتە ئەو دنیا .
ناکریّ ئیّمەش بچینە لایان ؟
بابە گەورە کۆکەیەکی نزمی کرد :
بە نۆرەیە . هەر کەسیّ نۆرەی بیّ , دەچیّ .
ئیّمە کەی نۆرەمان دیّ ؟
چ زوو , چ درەنگ , نۆرەمان هەر دیّ . پەلەت نەبیّ .
کوڕیژگەکە بە هیّدی کردییە ورتە ورت :
میوانداری .
لەبەر ئەوەی بابە گەورە بیّ دەنگ بوو , ئەم پرسی :
وایە باپیر ؟
بابە گەورە سەری لەقاندو تەنیا گوتی :
ئا ها !
کوڕیژگەکە , لەدرزی کەپەنکەکەوە , چاوی لە نشیّوایی تەپۆڵکەکەو تەمە چڕەکە بڕی .

که مێکەکان هاتن , ئەم لەگەڵ بابەگەورە لە داوێنی تەپۆڵکەکەی دێ, بە گۆپاڵە بە دوای گیای تازەدەرهاتووی بەهاردا دەگەڕان . گرڕەی تۆقێنەری مێکەکان هەموو شوێنێکی هەژاند . ئاسمان پڕ بوو لە باڵندەی هەڵاتوو . دێ بوو بە یەك پارچە ئاگر . هەندێ بەدەم ترسەوە لەناو ئاگرو چڕە دووکەڵ دەرپەڕینو شالاویان بۆ تەپۆڵکەکان برد . هیچ کەس خەبەری دایكو باوكو خوشکە بچووکەکەی ئەمی نەبوو . مێکەکان , لە دوورەوە خەریك بوون دەگەڕانەوە . تەقینەوەیەکی تر گوندی هەژاند . ئەوانیش رایان کرد . شەو تا بەیانی هەر رایانکرد , که دنیا وای لێهات گورگو مەڕ لێك بکرێتەوە , لە سەر بەفر دانیشتن . بابە گەورە کەپەنکەکەی لە دەوری خۆیو ئەم لوولدا ... هەربەو جۆرە کە دانیشتبوون , خەویان لێکەوت . دوای نەختێ , لە سۆزی سەرما بە ئاگا هاتن . تەم هەموو شوێنێکی داگرتبوو . هیچ دەنگ نەدەهات , جگە لە گرڕەی فرۆکەو تەقینەوەی دوور و چریکەی باڵندەی سەرگەردان .

رۆژی چوارەم , بابەگەورە چیکڵدانی بچووکی ریشۆڵەکەی بە دوو ئەنگوست هەڵگلۆفتو بە کزی گوتی :

گۆشتێکی حەلاڵە . خەریکە دەمرێ .

باڵندەکە بە چریکەیەکی سەرەمەرگ گوتی : قیامەت ! قیامەت !

کوڕێژگەکە گوتی :

باپیر , سەیری چاوەکانی بکە ! زۆر دەترسێ , قاچەکانی دەلەرزێ

بابە گەورە گوتی : سیرۆ تەماشای دەستی باپیرت بکە چۆن دەلەرزێ !

کورپژگەکە , لێوی وشکو شەقار شەقاری خستە سەر دەستی بابە گەورە . پێستەی چورچ و دەماری رەشو گەورەی ماچ کردو پرسی : زۆری دێشێ باپیر ؟

نا , بە قەدەر زیوەر .

کورپژگەکە رقی خۆی خواردەوەو باڵندەکەی لەدەست بابە گەورە نا :

هانێ , بەڵام , باپیر ئەزیەتی ... ئەزیەتی نەدەی .

بابە گەورە ورتە ورتێکی لە ژێر لێوەوە کردو باڵندەکەی بەسنگی خۆیەوە نووساند . بە دەستەکەی تر گۆپاڵەکەی دایە بەر کەپەنکەکە . بە هێواشی لە درزی کەپەنکەکەوە چووە دەرێ . کەپەنکەکە وەك ژورێکی بچکۆلە لە ناو بەفردا چووبووە خوارێ :

تۆ مەیە دەرەوە سیرۆ ! لەوێ بمێنەوە .

کورپژگەکە هیچی نەگوت . لێگەڕا بابە گەورە دوور بکەوێتەوە. لە درزی کەپەنکەکەوە دەیدی بابەگەورە بە قاچی لەرزۆكو لێك کراوەوە , بە ناو بەفردا دەڕۆیشت . ورتەورتی لەگەڵ هەڵمێکی کاڵ بە دەورەدا بڵاو دەبوەوە . بابە گەورە وەستا بەڵام , ئیتر ئاوڕی نەدایەوە . کۆکی . لەسەر بەفرەکە دانیشت . هەموو شوێنێ کپو

ساردو سەقەم بوو . بابە هەردوو ئانیشکی بە یەك جوولە لە دواوە بۆ هەردوو لا چوون . پەڕێکی وەنەوشەیی فڕییە هەواو لە مۆلەق وەستا سیرۆ لەسەر پشتی دەستی خۆی هەستی بە نەرمی پەڕەکە کرد .

سیرۆ لە درزی کەپەنکەکەوە خزییە دەرێ . چوو تا چەند هەنگاوێك ما بگاتە بابە گەورە . سەری نەرمی باڵندەکەی هەڵگرتەوە , کە دوو دڵۆپە خوێنی لێ چکابووە سەر بەفر. سەرەکەی لە گیرفانی خۆی ناو لە دڵی خۆیدا گوتی : (ئەزیەتت خواردووە ئازیز !) بە شێنەیی گەڕایەوە لای کەپەنکەکە . کە لە ناو کەپەنکەکە دانیشت , لە درزەکەوە تەماشای بابە گەورەی کرد , هەروا دانیشتبوو , پەڕەکانی فڕێ دەدایە هەوا .

بابە گەورە بەکاوەخۆ هەستایەوە . پێی خزیو بەربوەوە . بە تەپوکۆ, لە ناو تەم و ئەو پەڕانەی بە هەوادا بڵاوببوونەوە, گەیشتەوە لای کەپەنکەکە . سیرۆ خۆی رێك خست و جێگای باپیرەی کردەوە . بابە گەورە دانیشتو سیرۆی گرتە بەینی ئەژنۆکانی . خرمە خرمێکی لە بن پدووی بێ ددانی دەهات : سیرۆ بۆ تۆشم داناوە .

کورێژگەکە لەپڕمەی گریانی دا : نا , باپیر , نا . من تەنیا بەفر دەخۆم .

لە ناو ورگت دەیبەستێ سیرۆ , دەمری .

نا, من بەفر دەخۆم . تەنیا بەفرو بەس .

لەژێر کەپەنکەکەوە ، چەنگی لە بەفر گیر کرد .

بابە گەورەلە ناو کەپەنکەکە خزییە دەرێ :

سیرۆ ، من دەرۆم ، بەڵکو شتێ پەیدا بکەم . تۆ لێرە چاوەرێ بکە

کورە ، کە بەتەنێ مایەوە، سەری باڵندەکەی لە گیرفانی دەرهێنا ماچی کردو گوتی :

ئازیزی جوان !

سەرەکەی لە پێش خۆی دانا . چاوی بڕیبە چاوە سوورەکانی باڵندەکە کە لە ترسان زەق ببوونەوە ، گوتی :

زۆرت ئێشا ؟ زۆر ترسای ؟

باڵندەکە بە چاوی تۆقیوەوە تەماشای کردو کورە لە جێگایەکی دوور گوێی لە دەنگی بوو :

قیامەت ! قیامەت !

* * *

(4)

## تارمایی

ئەمرۆ , نۆرەی جەنابی (ئازەرایی )یە چیرۆکی خۆی بخوێنێتەوە .

جەنابی ئازەرایی‌و برادەرەکانی دەورەی مانگانەیان هەیەو ئێستا لە ماڵی مامۆستا ( ساڵبووری ) ن .

هەر یەکە پارچە کاغەزێك‌و قەڵەم دارێك لەسەر مێزی بەر دەمیان هەڵدەگریّ‌و چاوەڕێ دەکەن تا ئەو کەسەی پێشتر نۆرەی گرتووە , چیرۆکەکەی بخوێنێتەوە .

سەرجەمیان حەوت , هەشت کەس زیاترنابن . ژمارەیان دیاری کراوە . دەم‌و چاوەکان هەموو ئاشنان و هەر کەسە شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لێی دادەنیشیّ .

کارەکەری جەنابی ساڵبووری , لەبەر دەرگاوە , دەستی بە سینی (چا) وە درێژ دەکاو سینیەکە لەسەر مێز دادەنریّ .

بەر لەوەی دانیشتنەکە ببیّ بە رەسمی , باسی کتێبی تازەو ئەو وتارو رەخنانەی لەبارەی هەندێ کتێب نووسراون دێتە ئاراوە .

کە هیچ قسە نامێنیّ بیکەن‌و پیاڵە (چا)کان بەتاڵ دەبن (هەڵبەت جگە لە پیاڵە (چا)ی بەردەم جەنابی ئازەرایی کە بەوپەڕی سەرسامی ئەمرۆ بەبیّ دەست لێدان وەکوو خۆی ماوەتەوە . ) مامۆستا ساڵبووری بە دەم کۆکەیەکی هێمن بە رەسمی دانیشتنەکە

رادەگەیەنیٚ‌و کە دەستی لەسەر لیٚوی دیٚنیٚتە خواریٚ ، ئاماژە بۆ جەنابی ئازەرایی دەکا کەچیرۆکەکەی بخویٚنیٚنەوە .

جەنابی ئازەرایی ، لە شویٚنی هەمیشەیی خۆی ، لە گۆشەی نیمچە تاریکی ژوورەکە دانیشتووە . دەم‌و چاوی باش دیار نییە . پیٚویستیش ناکا ببیبنن ، چونکە بە پیٚی ریٚ‌و رەسمی خۆیان ، هەموو دەزانن کیٚ لەسەر کورسییەکەی ئەو گۆشەیە دانیشتووە .

جەنابی ئازەرایی ، دەم‌و چاوی لە پەنا ئەو کۆمەڵە کاغەزەی چیرۆکەکەی بە قەڵەم دار لەسەر نووسیوە ، بزر بوودو لەبەر ئەوەی خیٚرا خیٚرا جگەرە دەکیٚشیٚ ، ئەو قوژبنە نیمچە تاریکە لە ناو چرەدووکەڵ نقووم بووە .

جەنابی ئازەرایی ، سینگی پڕ دووکەڵی بە کۆکەیەك پاك دەکاتەوەو بە ئاوازیٚکی نەلەقاو ، بەمکورمی‌و بە وردی دەست بە خویٚندنەوە دەکا .

چیرۆکەکەی ناوی (تارمایی دابیٚژراو)ەو چیرۆکەکە ئەوەندە بە خیٚرایی‌و یەکبینی بەرەو کۆتایی دەبا ، دانیشتووان هەناسەیان لە سینگ دەگیریٚ .

هەر لەو ساتەوە کە جەنابی ئازەرایی دەمی دەکاتەوە ، هەموو سەریان لە گۆرانی ئاوازی دەنگی سوڕ دەمیٚنیٚ . هەندیٚ وای بۆ دەچن سەرمابردوو بووە ، چونکە دەنگی نەختیٚ گن و کەرخە .

جەنابی سالْبووری هەر دەڵێی بە زنجیرێکی نەپەنی لە کورسییەکەی بەسراوەتەوە . وەکوو جادووبەند لە جێی خۆی وشك بووە . کەچی , مێشکی بە وردیو بە باشی کار دەکاتو بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە نووسەرەکە خەریکی خوێندنەوە بوو , ئەم لە بیرو غایەلەی بێ پایان دا نقووم ببوو .

ئەم دەنگە کەرخە بیرەوەری دووری دێنێتەوە یاد : زانکۆ , مانگرتن , لێکۆڵینەوە , عیشق و رۆژانی پڕ هیواو هەستو سۆز لێوی رەش و وشکی کەوتۆتە سەر یەك و چاوی بڕیوەتە بۆشایی .

بۆ خۆی لەوێ دانیشتووە لەسەر کورسیەکەی بەسراوەتەوە . بەدەمو چاوێکی وەکوو بەرد . ئەم رۆژانە , هەموو ئیشو کاری هەر ئەوەندەیە , بەشداری ئەم دەورەی چیرۆك خوێندنەوەیە دەکات .

نووسەرەکە بەدەنگە ئاشناکەی خۆی چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە . مامۆستا زۆر هەوڵ دەدا زنجیرەی چیرۆکەکە بە ناڕەزاییەك بپچڕێو بە لانی کەمەوە بڵێ ناوی چیرۆکەکە هەر لە بنەڕەتەوە ئەوە نەبووە کە ئازەرایی خوێندییەوە . هەموو ئەوانەی گوێیان لە چیرۆکەکە گرتبوو بەپێی رێ و رەسمی تایبەتی خۆیان , خێرا خێرا بیرو بۆچوونی خۆیان لەسەر کاغەز نووسیوەتەوەو چاوەڕێی ئاماژەی مامۆستا سالْبووری دەکەن بۆ ئەوەی بە نۆرە , رای خۆیان پێشان بدەن .

نووسەرەکە , کە لە جێگای جەنابی ئازەرایی دانیشتووە ,

لاپەڕە زلەکانی بەردەمی هەڵدەداتەوە . دادێتەوە بۆ ئەوەی (چا)کەی , کە سارد بۆتەوە , هەڵگرێ و گەرووی پێ تازە بکاتەوە . دەق لەو ساتەدا , هەموویان دەم و چاوی دەبینن .

نووسەرەکە , گەنجێکی لاییدەیە, پێکچوونێکی دووری لەگەڵ وێنەکانی سەردەمی گەنجێتی ساڵبووری هەیە . ئەگەر ئەو پەڵانەی سەر دەمو چاوی مامۆستا نەبوونایە کە ئەنجامی نەخۆشیی جگەریەتی, ئەگەر ئەو چورچ و لۆچانەی تێپەڕینی ساڵانی تەمەن جێیان هێشتووە , لووس ببانەوە, ئەگەر ئەو پڕشنگە سەیرەو ئەو دوو بڵێسە بریقەدارە لە چاوەکانی دامرکابایەوەو ئەگەر گۆشتی دەوری چەناگەی شلو خاو نەبایەو کارێژی ئاوا نەقرمسایە , دەتتوانی بڵێی ئەم دووانە , کە لە بەرامبەر یەك دانیشتوون , یەك کەسن .

بەڵام کابرای لاییدەی چیرۆکنووس لەو قوژبنە نیمچە تاریکە دانیشتووەو چاوەکانی وەکوو دوو عەلەتریك دەدرەوشێنەوەو لەگەڵ هەر چاوتروکانێکدا دوو گورزە رووناکی تەریب لە پشت پێڵوەکانیەوە دێ , هەر کەسێك‌و هەر شتێکی لە بەرامبەری بێ داغی دەکا .

مامۆستا ساڵبووری دەیەوێ لە شوێنی خۆی بجووڵێ , بەڵام ناتوانێ .

لەم جۆرە ساتەدا تەنیا دەتوانێ وەکوو هەمیشە بە منگە منگ

٦ بلێ :

ئێوە ...

یەکێ لەوانە کەلە تەك نووسەری لاییدە دانیشتوە , وا دەزانێ سالبووری ئاماژەی بەو داوە . بێ ئەوەی دەرفەت لە دەست بدا , دەست بە خوێندنەوەی سەرنج و تێبینیەکانی خۆی دەکا کە لەبارەی چیرۆکی کابرای لاییدە نووسیویەتی :

لەگەڵ داوای بوردن , ناچارم بە پاکی و سپی کراوی , بیرو باوەڕی خۆم لەبارەی چیرۆکەکەی ئێوە دەرببڕم . هەر لە رستەی یەکەمەوە , ئێوە خوێنەر لە دنیایەکی نیگەران‌و ترسناك نقووم دەکەن . بەلای منەوە نووسەر , ئەو هەقەی نییە کە خوێنەری خوی بتاسێنێ . ئێوە وێنەگرێکی زۆر بەدبینن . راستە ئێمە ئەمڕۆ تووشی ترس‌و مێردەزمە هاتووین , راستە وەکوو وێنەی تارمایی پەرێشانمان لێ هاتووە, بەلام دەبێ وێنەی رووەکەی تری دراوەکەش بکێشین . ئێوە لەم چیرۆکەدا , تەنیا وێنەی لایەنی ناشیرین‌و ناتورالیستی ژیانتان کێشاوە. بەلام ئایا ژیان تەنیا یەك لای هەیە ؟ نووسینەکەی ئێوە لێواولێوە لە نیگەرانی دەروونیی نەوەیەکی سەرگەدانی ژێرچەپۆکی مێردەزمە . ئەم بۆچوونە تراژیدییە چەند سالێکە باڵی بەسەر نووسینەکانی زۆربەی گەنجەکانمان دا کێشاوە .

ئێوە بەم جۆرە دەست بە چیرۆکەکەتان دەکەن :

( لەو شوێنە تەنگو تریسکو شێدارەدا , بە زەحمەت شتێکت دەدی . لالەیەکی بچووک , لە ناو قۆرتێکا , کە بە چەند شیشەیەک لەبەر دەست دوور خرابووەوە, بێ هوودە هەوڵی دەدا تۆزە چڕو ئەستوورەکە شەق بکا : یارچە سەببەو شیشە ئاسنی ئەستوورو تۆڕی پۆلایی تێکچڕژاو , لە کەلەنو قوژبنەکانا لەسەر یەک کەڵەکە ببوون . لە کونجێکەوە دەستێک دیار بوو , پارچە کاغەزێکی گرتبوو رستەیەکی تەواونەکراوی لەسەر نووسرا بوو : دایە گیان ! ... سەراپای ژیانم ... )

چیرۆکەکەی ئێوە هەر لە سەرەتاوە باسی کارەساتێکی دڵتەزێن دەکا . من پێم وایە ئێوە بەبێ دامەزراندنی پێشەکی , بەبێ سازدانی کەشێکی لەبار , بەبێ ئامادە کردنی خوێنەر , لە ناکاو لەدواوە خوێنەرتان فڕێ داوەتە ناو چاڵێکی بێ بنو ترسناک . بەکارهێنانی رستەی قورسو درێژو تاقەتبەری وەکوو (چاوی نیمچەکراوەی تارماییەکان , لە دەرگای سەنگینی ئەو چوار دیوارە کە لە گرێژنە چوو بوو .. ) . زۆر درێژو هەناسەبڕە . ئێوە دەتانتوانی ئەم رستەیە دابەشی رستەی کورتترو رێکو پێکتر بکەن , بۆ نموونە :

(دەرگا سەنگینەکە مەیلەو لە گرێژنە چوو بوو , تارماییەکان چاویان نیوە کرابووەو بڕیبوویانە دەرگاکە .. ) . لەلایەکی تریشەوە

لۆجیکی چەوت باڵی بەسەر هەموو چیرۆکەکەتان دا کێشاوە .
دەمەوێ بپرسم : ئاخۆ تارمایی چاوی هەیە ؟ ئایا تارمایی هەر خۆی یانی چی ؟ لە فەرهەنگەکانا (تارمایی) بە مانای سایە , بە مانای خۆ , بە مانای هەر بۆراتییەکی لە دوورەوە بکەوێتە بەرچاو , هاتووە . ئەگەر مانای تارمایی ئاوها بێ کە لە فەرهەنگەکانا تۆمار کراوە , کەواتە تارمایی ناشێ چاوی هەبێ . لە هەموو شتێ سەیرتر ئەوەیە تارماییەکەی ئێوە بیریش دەکاتەوەو لە خەیاڵاتی دەوری منداڵی خۆیدا نقووم دەبێ . بۆ نموونە , کاتێ کە دایکە دەستی گرتووەو بەناو تەرمە دابێژراوەکاندا تێدەپەڕێ , تارماییەکە لە ناکاو بیر دەکاتەوە : ( بە منداڵی , دایکم هەر بەم جۆرە دەستی دەگرتم , بەڵام ئێستا , دەستم گەورەتر بووە , هەموو ئەنگوستەکانم لەناو پەنجەی ئەو جێیان نابێتەوە . گەرمای دەستی دایکم وەکوو ئەو رۆژگارە نییە , وەکوو ئەو کەش و هەوا گەرمە نییە کە من بەبێ ئاگایی نۆ مانگم تێدا بەسەر برد . ئەم دەستە سارد بووە . پیری !! لەوانەیە دەستی من زۆر گەرم بێ . بۆی هەیە من زۆر گەنج بم . دەشێ ئەو زۆر پیر بێ . )

دایکە گوتی :

(تا)ت لێیە عەزیزی بەر دڵی من , سەرمابردوو بووی . ئەی چەند جار پێم نەگوتی دوای خۆشووشتن زوو سەرت وشک بکەوە .

تارماییەکە چنگی لە قژی خۆی دا . دەستی پڕ خوێن بوو .

دایکە ناو لەپی دەستەکانی کوڕەکەی ماچ کرد :

(ئازیزەکەم , خەنەی شەوی زاواییت پیرۆز بێ . ) ...

مامۆستا سالبووری , دەستە ساردو بێ هەستەکانی دەجوولێنێ بەبێ توانایی روو دەکاتە کابرای لاییدەو دەڵێ :

ئێوە ...

نەفەرەکەی تر , دەرفەت لەدەست نەداو یەکسەر دەست بە خوێندنەوەی بۆچوونەکانی خۆی دەکا :

بە گوێرەی ئەو سەرنجانەی من لەسەر چیرۆکەکەی ئێوە نووسیومە من پێم وایە کۆتایی چیرۆکەکەتان کەمو کورتی تێدایە . دایکێك کە گلێنەی چاوەکانی یەك پارچە سپی بووە , دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانی , تارماییەکی دابێژراوی بێ ژمارە , لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە :

(رۆژێکی پایز بوو . قەدی درەختەکان ئێشو ئازاریان تێدا دەگەڕا گەڵای زەردی مردوو , لە ژێر پێی ئەم دووانەدا خشەخشێکی شومو ئەبەدییان لێ هەڵدەستا . دایکە توند دەستی تارماییەکەی گرتبوو . بە ناو ئەو کەشە خەزان ئەنگاوتەیەدا دەڕۆیشتن . دایکە گەڵای لەسەر رووی زەوی هەڵدەگرتەوەو لەسەر کونە بێ ژمارەکانی تارماییەکەی دەچەسپاند , چونکە لەگەڵ ئەو بایەی لە کونەکانی تارماییەکەوە

دەهات , رازو نیازی بە ئازاری کوڕەکەی دەبیستو دڵی بە بیستنی دەگوشرا . کوڕەکە ئاماژەی بۆ دایکی کردو تێی گەیاند کە دواکەوتوە .

دایکە گوتی :

( لەبەر برنج گیرۆ بووم ئازیزەکەم . دەمەویست لە شەرافەتی هاتنەوەی تۆ زیافەتێك بکەم .) تارماییەکە تەنیا سەری لەقاند .

دایکە بە گازاندەکردنەوە پرسی :

(ئەی کوا ژمارەت کوڕم ؟ تۆ دەزانی چەند سەرگەردانت کردم ؟ هەموو ژمارەیان هەبوو , تەنیا تۆ ژمارەت نەبوو . ) تارمایەکە ئاماژەی بۆ قولەپێی خۆی کرد .

دایکە ئاگای لە ئاماژەکەی نەبوو , بەردەوام بوو :

( شەو , دایکان بە دزی گۆڕەکانیان دەپشکنی . هەندێکیان بە هۆی ئەو ژمارەیەی هەیانبوو , مندالەکانی خۆیان دۆزییەوە . من ژمارەکەم لەسەر کاغەز هەبوو , بەڵام تۆم پێ نەدەدۆزرایەوە . )

تارماییەکە دووبارە ئاماژەی بۆ قولەپێی خۆی کرد .

دایکە چاوی بە قولەپێی کەوت . ژمارەیەکی لە ژێر تفرە خوێنێکی پەیت بینی بە خەتێکی خراپ نووسرا بوو , نەدەخوێنرایەوە . ) بەڕاست ئایا دەتوانین ئەم نووسینەی ئێوە بە لۆجیکێك ئاراستە بکەین ؟

مامۆستا سالْبووری کەخەریك بوو وردە وردە زاتی دەهاتە بەر ، نەختیّ حەپەساویەکەی رەوییەوە . تەکانیّکی دایە خۆی‌و بە زەحمەت لیّوەکانی کردەوەو هاواریّکی بچووکی کرد :

ئیّوە ... جە ...

نووسەرەکەی دوای ئەو, بە پیّی ریّ‌و رەسمی هەمیشەیی دەم‌و دەست, کاغەزی گەچلاّوی خۆی کردەوەو خویّندییەوە :

من پیّم وایە ئەم نووسینە چیرۆکیّکی رەمزی و جەڤەنگییە , بەلاّم بەو پەڕی داخەوە نووسەر ئەو بنەمایانەی خستۆتە پشت گویّ کە دەبیّ لە بەهەرمی جەڤەنگیدا رەچاو بکریّن‌و لە ئەنجامدا خویّنەری تووشی سەرلیّ شیّوان کردووە . ئیّمە هیچ شتیّ لە بارەی ژیانی ئەم تارماییە بیّ ژمارەیە نازانین . هەر لە پارچەی یەکەمەوە , تارماییەکە دەبینین لە ناو حەشیمەتیّکی تارماییان وەستاوە . هیچ شتیّکیش لە بارەی ژیانی دایکە : چارەنووسی رابردووی , کەسیّتی‌و تەنانەت روخساریشی نازانین . هەر ئەوەندە نەبیّ کە چەندین سالْ چاوی بڕیوەتە دەرگا بەلْکو رۆژیّ بیّ‌و کوڕەکەی بگەڕیّتەوەو لە سۆنگەی ئەم چاوەڕوانییەش , چاوی سپی بووە . ئیّمە لەو دایکە هەر ئەو دوو چاوەمان هەیە . نووسەر بە بیّ زەمینە خۆش کردن, ئەم دووانەی , کە ئەوەتا یەکیّکیان تارماییەکی کون کونە , راکیّشاوەتە ناو شەڕگەو بە سەرگەردانی بەرەلای کردوون .

ماموٚستا زوٚر هەوڵ دەدا , لە چنگ ئەو شتەی کە سینگی دەگوشێ رزگاری ببێ , بەڵام تەنیا خورِە خورِێکی لە گەروو دێتە دەرێ :

ئێوە ... جەن ... ن ...

نووسەری دوای ئەو , دەرفەت وەردەگرێو لە وەڵامی برادەری تەنیشتی دەڵێ :

بەندە پێم وایە ئەگەر جەنابی پایەبەرزتان , لە باتی وەنەوزدان , بە وردی گوێتان بدابایە چیرۆکەکە ( هەر چەندە ئەم چیرۆکە وەنەوەزی هەمووومانی برِیوە .) دەتانتوانی تارماییەکەو دایکی بە شێوەیەکی وردو هەمەلایەنە بناسن . من تکام لە نووسەری بەرِێز ئەوەیە کە جارێکی تر بەندی دووەم بخوێنێتەوە .

دوو هێڵی تەریب لەسەر کاغەزەکە دەدرەوشێنەوەو کابرای لاییدە بە دەنگی سەرمابردووی دەخوێنێتەوە :

(کە توٚزو چرِەدووکەڵ نیشتەوە , رستەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی بە نینوٚک هەڵکەنراو , لەسەر رووی چەمەنتوٚی دیوارو لەژێر پەڵە خوێنو پارچە نینوٚك و موو و پێستەی سەرو لەش , دەبریقایەوە ..)

ئەو نووسەرەی خەریکی رەخنەو لێکوٚڵینەوە بوو , بە کابرای لاییدەی گوت :

تا ئێرە بەسە ... وخوٚی بەردەوام بوو :

لێرەدا , نووسەر دروشمێکمان لەسەر دیوار نیشان دەدا کەتەنیا چەند پیتێکی دیارە . من پێم وایە بۆ ناسینی تارماییە دابێژراوەکە پێویستە بە وردی لەم دروشمە ...

مامۆستا بە تەقەلا دەنگی بەرز دەکاتەوە :

ئێوە ... جەناب ... لە کوێ ...

بەڵام وشەی ( لەکوێ ) زۆر بە کزی دەردەبڕێ چونکە , ماسوولکەکانی چەناگەی توانای جووڵانەوەیان نییە . هەر دەڵێی ددانەکانی قڕماون .

نەفەری دوای ئەو , هەر تەنیا گوێی لە وشەکانی ( تۆ , جەناب ) بو, دەست بە رەخنەی خۆی دەکا :

جەنابینە ! لە کۆڕەکەی ئێمەدا تا ئێستا هیچ چیرۆکێ بەم ناوەرۆکە نەخوێنراوەتەوە . چیرۆکەکە , ئەگەرچی چۆڕاوگەی مێشکێکی نەخۆشە , بەڵام رەمزو رازێکی وای تێدایە منی لە شوێن خۆم بزمارکوت کردووە . بێ گومان هەندێ رستە لە رووی رێزمانییەوە نەختێ هەڵەو کەمو کورتیان تێدایەو ئەمەش ناتەواوییەکی گەورەیە بۆ نووسەر کە بەسەر زمانی دایکیدا زاڵ نەبێ‌و وەکوو فسەزمان مەبەستی خۆی دەرببڕێ‌و وەکوو لاڵێ کە خەونی دیبێ‌و بەرامبەر جەماوەرێکی کەڕ , قسە لە شتێ بکا . سەراپای چیرۆکەکەی ئەم بەڕێزە کە نازانم خۆی لە کوێوە هاتووە و

لەناو کۆڕی ئێمەدا پەیدا بووە , ئەمەیە :

( تەقیتەوەیەك لە ژوورێکی بچووك روو دەدا . ژمارەیەك تارمایی وەکوو بێژینگ کون کون دەبنو دادەبێژرێنو لەسەر یەك کەلەکە دەبن . بینا بە قسەی نووسەرەکە , رستەیەکی تێکەڵو پێکەڵ لەسەر دیوار دەبریقێتەوە دەبێ بە رەمڵ و ئوسترولاب بخوێنرێتەوە . ئینجا دایکێك هەیە دەستی ئەم تارمایییەی گرتووە دەیباتەوە ماڵێ . بێ گومان لە رێگادا , لە بیر ناکا برینەکانی ئەم تارماییە بە گەڵای پایز تیمار بکا . )

جەنابینە , ئێوە من باش دەناسنو دەزانن تا ئەمڕۆ حەفت کۆمەڵە کورتەچیرۆكو حەفت کۆمەڵە شیعرو پێنج رۆمانی ئەستوورو چوار کومەڵە رەخنەو لێکۆڵینەوەو هەشت شانۆگەریو سیناریۆی فلیمم چاپ و بڵاو کردۆتەوە , بەڵام دەبێ دانی پێدا بنێم کەتا ئێستا لە نووسینی چیرۆکدا تووشی هیچ بابەتێکی وا سەرسوڕهێنەرو دڵبزوێن نەهاتووم . ئەم بەڕێزە (ئاماژە بۆ کابرای لاییدە دەکا ) , کە تەنانەت ناویشی نازانین , بە دزی هاتووە , دەرفەتی نەهاتنی جەنابی ئازەرایی قوزتۆتەوە, ببوورن , بە نیازێکی خراپ دەرفەتەکەی قۆزتۆتەوەو بە شێوەیەکی وا سەرکێشانە چیرۆکەکەی خوێندۆتەوە , کەس نەیوێراوە جیکە بکا . چیشی نووسیوە ؟ یەك مستە رستەی تێکەڵو پێکەڵ , دوو ئەسکوو

پەخشانی نەکولاوی لە ناو چوار کەوچکە شیعری نیوبەندیی جۆری شەپۆلی سێیەم ، کردوەو تا پێی کراوە لێکی گرێ داون و بۆ نموونە بۆتە چیرۆك .

کورسی مامۆستا سالبووری سیرە سیرێکی بێ کارەی لێوە دێ . مامۆستا بەبێ توانایی ، دەستی بۆ لای کابرای لاییدە دەجوولێنێتەوە :

ئێوە ... جەناب ... ئێوە ...

نووسەری دوای ئەو ، وشەی (ئێوە) لە هەوادا دەقۆزێتەوەو کەس نازانێ بۆچی رەنگی سپی بووەو دەستی دەلەرزێ ، دەست بە رەخنەی خۆی دەکا :

من نارەزایی بەرامبەر بە شێوازی ئەم نووسینە دەردەبڕم ، جەناب لەوەتی ئەو بابا رۆژنامەنووسەی خەلکی ئەمریکای لاتین پەیدا بووە ناوی هم ... ئاه ...

مارکیز !

ئاها ... بەلێ ... مارکیز ... بەلێ ، لەوەتی ئەم بابا مارکیزە پەیدا بووە ، (تا)ی مارکیزی وەکوو (تا)ی مالتە بلاوبۆتەوەو نووسەرانمان وەکوو ماران گەستە لەبەر ئێش و ژان گینگل دەدەن . بەلێ ، جەنابینە، دوای دەرکەوتنی ئەم جەنابە ، هەر کەسە لەلای خۆیەوە راست بۆتەوە ، چەند دانە ئەفسانەو ژمارەیەك تارمایی لەو

لۆقی نیوداشتی له ناو چەند میسقاڵ ریالیزم کردووەو ناوی ناوه ( ریالیزمی جادوویی )و به خەیاڵی خۆی باشترین هەتوانی بۆ برینی شێرپەنجەی کۆمەڵەکەمان گرتۆتەوه . بەنده لەبەر هەڵچوونی باری دەروونیم , هەموو گیانم دەلەرزێو هیچم نییه بیڵێم .

ئێوه ... ئێوه ...

دیسان دەنگی کزی ساڵبووری دەکەوێته بەر گوێی دوا نەفەرو ئەویش که بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕێی دەوری خۆی کردوەوەو دەبینێ کاتەکه بەرەو تەواو بون دەچێ , بەپەله سەرنجەکانی دەخوێنێتەوه :

بەلای منەوه , له روانگەی شیکاری چیرۆکەوه , ئەم نووسەره له چیرۆکەکەیدا , تەنیا نووسەر نییه , بەڵکوو فەیلەسووفێکی وجودیشه , چونکه له دیدی فەلسەفیو به شارەزاییەکی قووڵ و کۆمەڵناسانه له رۆحو دەروونی کەسایەتییەکانی نووسینەکەی دەکۆڵێتەوه .

ئەو به شێوەیەکی زانایانه سەیری دنیای ئێمەو دنیای بەرچاومان دەکات . وێنەکێشانی باری دەروونی دایکەو دەربڕینی بیرکردنەوەی تارماییەکەش , ئەوه دەردەخا که نووسەر ئەندێشەیەکی قووڵ و بێ پایانی هەیه . بێ گومان هەندێ جار به هۆی بەرژەوەندی نووسەرەوه نووسەر ناچاره واز له دەربڕینی واقیعی کۆمەڵایەتی بێنێو خەریکی وێنەکێشانی تەمسیلیانەی واقیعی کەتوار بێ . یانی

نووسەر ناچارە ( واقیعی کاڵ ) بەجۆرە پێچاوپێچییەكو بە زمانێکی تر بۆ خوێنەر باس بکا . ئەوەش بڕاوەتەوە کە باس کردنی راگەیاندنانەو و پەردە لادان لەسەر ئەو واقیعەی لە بەرامبەرمانەو بەبەر چاوماندا تێدەپەڕێ , جوامێریی تایبەتی خۆی گەرەکەو ...

مامۆستا هەموو هێزو تاقەتی خۆی , لەوسەری لەشی خۆیەوە کۆ دەکاتەوە , هێزەکەی چڕ دەکاتەوە . دەیهێنێ دەیهێنێ تا دەیگەیەنێتە سینگی , لە سینگییەوە بۆ گەرووی و لەوێوە بۆ دەمی ئینجا بە توندی چەناگەی دەجوولێنێ و هاوار دەکا :

ئێوە لە کوێوە هاتوون , جەناب ؟

لەگەڵ هاواری مامۆستا , هەموو لە شوێنی خۆیان رادەپەڕنو هەست بە کابرای (لاییدە) دەکەن .

بەڵام کورسی جەنابی ئازەرایی بەتاڵە . کابرای لاییدە لەوێ نییەو تارماییە دابێژراوەکە , لەسەر دیوارەو دەقاودەق رووی وێنەی باڵانمای مامۆستا ساڵبووری داپۆشیوە . لەجیاتی دوو چاوی وێنەکەش , دوو کون وەکوو دوو عەلەتریك , بە گەشی دەدرەوشێنەوە .

یەکێ لە قولینچکێك بە چپەدوو دەڵێ :

کابرا چیرۆکی خۆی خوێندەوەو رایکرد .

* * *

(5)

# نیشانە

چوارشەممە بوو . ئاخرو ئۆخری مانگی ئاب بوو . چوارشەممەیەکی زەردی بە پەڵەی سوورو نارنجی . بارانی شەوی پێشوو لێی کردبووەوە, بەڵام گەلا هەروا لە هەردوو بەری ڕێگاکە دەباری . ڕێگایەکی خۆڵی پڕ کەندو کۆسپ , سەراپای گەڵاو قوڕەسوور . (با) رووی قۆرتاوەکانی دەلەراندەوەو وێنەی هەورو ئاسمانی پارچە پارچە دەکرد.

پاسەکە یەك لە دوای یەك دەکەوتە ناو قۆرتەکانو هەردوو بەری ڕێگاکە بە قوڕە سوور دەبوو . دوای دوو سەعات , کە پاسەکە گەیشتە سەر جادەی قیرتاو, دنیا هەمووی کشو مات بوو. ئەو راهەژانو هەراو هۆریایە مەیلەو کپ بووەوە . سکی نەفەرەکان نیشتەوەو لە جووڵە وەستا . هۆقە هۆقی ئەو پیرەژنەی لەتەنیشت جامی پەنجەرەکە دانیشتبوو, دامرکایەوە . ئەو ژنو کچەی لە سەر کورسی پشت لێخوڕەکە دانیشتبوون , ئیتر ناچار نەبوون بەردەوام خۆیان بجوولێننو بکشێننەوە دواوە بۆ ئەوەی پاڵ بە پشتۆکی کورسییەکەوە بدەن . کچەکە دە ساڵی بوو . پێلووەکانی لە بەر گریان تەڕو سوور ببوون . ژنەکە دەمو چاوی لەڕو داچۆڕا بوو . پێستەی روومەتی وشك ببوو , دوو دەسکە قژی سپی لە ژێر

سەرپۆشی هاتبووە دەرێ . داغێکی قوڵی کەوتبووە چورچ و لۆچەکانی لالغاوەی , بەڵام چاوەکانی هێشتا سایەی ئومێدێکی کاڵیان تێدا دەبرسکایەوە .

ژنە جل و بەرگی رەش بوو و هەندێ شوێنی کراس و سەرپۆشی لەبەر خۆرەتاو قاوەیی هەڵگەڕابوو . کچەکە جووتە پێڵاوێکی سوورمەی کەتانی لە پێدا بوو , چەند جێیەکی بە داوی رەش درووبووەوە , قەیتانەکانی پێڵاوی لە گۆزینگی پێی ئالاند بوو , گرێی دابوو . ژنە جارو بار تەماشایەکی پێڵاوەکانی کچەی دەکرد :

سەد جار گوتم ئەم کەتانییە لە پێ مەکە . ئەمە یادگاری کاکەیە

پێش ئەوەی سواری پاس ببن , ژنە هەندێ قوڕە سووری لە دەم رێگا هەڵگرت و لە پێشەوەی سەرپۆشی خۆی هەڵسوی : بۆ کچە لێی هەڵناسووم , بۆ ئەو شوومە , بەخت رەش دەبێ . چارۆکەکەشم عەدم دەکا .

رۆژی پێش ئەوەی بەرێ بکەون , کچە چەپکە کولۆوکێکی داودی لە قەراخ جۆگاکان چنی و شەو لەناو ئاو داینا بۆ ئەوەی بە تەڕو تازەیی بمێنێتەوە :

ئەگەر وێنەی کاکەمم دۆزییەوە, ئەم کولۆوکانەی لە تەک دادەنێم

شەش نەفەری دیکەش لەناو پاسەکە بوون . زۆربەیان وەنەوز دەیبردنەوە , دوو دوو لار ببوونەوە سەر سینگی یەکدی و

جارو بار سەریان پێك دەوكەت و لە خەو رادەچلەكین .

پاسەكە نەختێ لە پێشەوەتر وەستا . كابرایەك بە خۆو بە مەڕەكەیەوە سەركەوت . مەڕەكە , كە بە تەك كچەكەدا تێپەڕی , كولۆوكەكانی بۆن كردو لێوەكانی جوولاندەوە . كچەكە ترساو چەپكە كولۆوكەكەی لابرد . ژنەكە شەپێكی لە لمووزی مەڕەكە دا :

دەك ئاكیلە بخۆی , هەی !

پاسەكە بەڕێكەوت . مەڕەكە ئەژنۆی چەمایەوەو لەسەر عەرزی ئوتومبێلەكە راكشا . كردی بە باعە باع و لە كاوێژی خۆی بەردەوام بوو . لەناكاو ژنێك زریكاندی : خالۆ , ئاگادار بە , ئەوە تۆ دەمبەیتە كوێ ! و بەخۆو بە دوو مریشك و كەڵەشێرەوە دابەزی و ملی باریكە ڕێیەكی خۆڵی گرت . لەگەڵ ڕۆیشتنی پاسەكە , ڕێگا خۆڵەكە سووڕاو ژنەكەو مریشكەكانی هەر دوور كەوتنەوە دوور كەوتنەوە . تیشكی رۆژ , هەندێ جار لە كەلێنی پەلە هەورەكانەوە دەهاتە دەرێ و یەكەو راست بە ئاسنی بریقەداری پێش دەشبوولەكە دەكەوت و لە چاوی كچەكەی دەدا . كچەكە پێلووی تەڕو سووری دادەخست . حەزی دەكرد هەور بێ , سێبەر بێ و رۆژ بكەوێتە پەنا هەور , بۆ ئەوەی ئەو بریقەیەی بە چاوان نەكەوێ .

زەوی هەردوو بەری جادەكە , لە دەوری خۆیەوە خولی دەخواردو رایدەكرد .

هەندێ جار , زەوی کشتوکاڵی پایزە سەوزی دەنواندو دووبارە دەبووەوە چۆڵ و بیابانێکی سوور .

لەپڕ جادە پڕ بوو لە قەلە رەش . کچە , کە چاوی بە قەلەکان کەوت, کاکەی بیر کەوتەوە :

هەرکاتێ قەلەرەش بە یەکەوە لەسەر جادە بنیشن , بێ شکە زەماوەندیان هەیە .

کچە رووی کردە دایکی :

زەماوەندی قەلەڕەشانە . ژنە , پێکەنینێکی کاڵی پەڕییە سەر لالغاوەو هەر زوو سڕایەوە .

کچە بە هێدی گوتی :

کاکە دەیەویست زەماوەند بکا .

ژنە رووی وەرگێڕاو چاوی بڕییە دوور .

لە قەراخ جادە , کەرێك بارەدارێکی گرانی لێبوو . لە نشێوایییەك گلۆر بوەوەو ماخۆکەی لەگەڵ خۆی راکێشایە خوارێ . پیرەمێرد , هەموو گیانی بوو بە پڕووشکە ئاوو قوڕەسوور , بە هەڕەشە گۆپاڵی لە لێخوڕەکە راهەژاندو جوێنی دایێ . لێخوڕەکە لە ئاوێنەی بەرامبەری قاقا پێکەنی‌و بە توندی کۆکی . لەگەڵ هەر کۆکەیەکا , پەلکە تۆوی گوڵە بەرۆژە بە شووشەی پێشەوە دەکەوت :

هەی پیری تەپەتڕن .

ژنە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە ، ئەم لێخوڕە چۆن دەتوانێ ئاوها پێ بکەنێو بە کچەکەی گوت : جامەکە داخە ! (با)ی پاییز نەخۆشی بە دەمەوەیە .

کچە ، بە پەنجەی باریكو ئێسکنی ، جامەکەی پاڵدا تا بە تەواوی داخرا .

ژنە قوتوویەکی پلاستیکی بچووکی لە ناو بوخچەکەی دەرهێنا . هێدی سەری کردەوە . پەنجەی لە وازەلین داو دەستی کچەی پێ هەنوو : لێوەکانیشت چەورکە ! شەقار شەقار بوونە . هی (با)ی پاییزە .

کچەکە ، دەسکە قژێکی پیسو لوول خواردووی هاتبووە دەرێ ، دایکە بە پەنجەی کەچ و کولی بۆی خستەوە ژێر چارۆکە : کەزیت پیس بووە ، بریا سەری خۆت شووشتبا .

سەری بردە بن گوێی کچەکە :

چارۆکەت راکێشە سەر دەم و چاوت . و هەروا بەچەماوەیی بۆ لای کچەکەی ، بەردەوام بوو :

ئەگەر وێنەی کاکەت دۆزییەوە ، نەیکەیتە گریەو زاری . ئێمە گریانی خۆمان کردووە . بەسە . دەسرۆکی وشکت لە ماڵەوە نەهێشتووە . ئەگەر یەکێ پیرۆزبایی لێکردی ، هێمن و ئارام بە .

بە جۆرێکی وا رەفتار بکە کە هەموو پێت هەڵبڵێن .

هەموو بڵێن خوشکێکی چەند باشە ! کچێکی چەند باشە !

کچە قینی خۆی خواردەوە : بە چاوان .

دوای نیوەڕۆ بوو کە گەیشتنە شار . شەقامەکان چۆڵو هۆڵ بوون دەستفرۆشەکان لەتەك سفرەکانیان وەنەزیان دەدا . لەتەك گۆڕەپانێکی گەورە دابەزین , بەردەنووسێکی مەرمەڕی ڕەشی لە ناوەڕاست بوو . دەوراندەوری گۆڕەپانەکە پڕدرەختی (بەناو ) بوو . بەربەرێکی پیر لەبن درەختێك پێوە بوو ئەومووە ڕەشو سپییانەی لە کونە لووتی کابرایەکی لادێی هاتبوونە دەرێ بە گیجی دەیبڕین .

ژنە چووە لای بەربەرەکە : مامە ئەو جێگایەی کە وێنەی ...

بەربەرەکە لێنەگەڕا ژنە قسەکەی تەواو بکا , نووکی گیجییەکەی بۆ ئەو بەری گۆڕەپانەکە ڕاداشت :

لەوێیە پووری . بەڵام ئێستا دایانخستووە .

ژنە گیرۆ نەبوو . خێرا دەستی کچەی ڕاکێشاو لە گۆڕەپانەکە پەڕینەوە . پێیان نایە سەر پلیکانەی پانو گەورەی بەردەم باڵەخانەکەو لە پشت دەرگا شووشە داخراوەکان , ڕاوەستان . کەس لەو دەورو بەرە نەبوو . هۆڵێکی گەورە لەودیو شووشەکەوە دیار بوو دیوارەکانی پڕ وێنە بوو . وێنەکان تا چاو بڕ دەکا , ڕیز بە ڕیز , بە دیوارەوە هەڵواسرا بوون . ژنە زۆر هەوڵی دا شتێ ببنێ . دڵی توند لێی دەدا :

تۆ هیچ دەبینی ؟

کچەکە گوتی : نا , وێنەکان شەوقی رووناکییان پێ دەکەوێ و لێ ناگەڕێ ببینم .

هەردووکیان لە کونجی پلیکانەکە دانیشتن . ژنە پرپاسکەکەی دەرهێنا. دوو پارچە نانی بە رۆنی گیاو دوو هێلکە مریشكو دوو تەماتەو هەندێ خوێی لە ناو کاغەزێك پێچراوی دەرهێناو لەسەر کۆشی خۆی داینا . تەماتەکانو هێلکەکانی لەسەر نانەکان پان کردەوە .

لە فراوین بوونەوە , ژنە خەریك بوو بوخچەکەی دەپێچایەوە پیرەژنێکی گۆچان بەدەست هات : ئەوە نمایشگا داخراوە ، خوشکم ؟

بەڵێ , نەنە .

ئەمە جاری سێیەمە دێم .

وەرە دانیشە , ماندووت بحەسێنەوە .

پیرەژن لەسەر پلیکانەکە دانیشت . برژانگی بە پێڵووی چاوانەوە نەمابوو . دەم و چاوی وەکوو پلاستیکی نیوەسووتاو گرژ ببوو .

ژنە پرسی : فراوینت خواردووە ؟

پیرەژن بارێشکێکی هاتێ :

فراوینی چی ؟ خواردنی چی ؟

گۆپاڵە نارێکەکەی لەسەر زەوی درێژ کرد :

لەو کاتەوە کە ئەو ئازیزەم نەهاتۆتەوە ئیتر نە ڕۆژم ڕۆژەو نە شەوم شەوە . نە خواردنم هەیەو نە خۆراك . گەرووم گیراوە , خوشکم !

ژنە خولقی کرد تەماتەیەك بخوا :

تامی دەمت تازە بکەوە .

هیچ ! هیچ !

ژنە تەماتەکەی لەناو بوخچە راکرد :

هەر ئەو یەکەت هەبوو ؟

دوو دانەم هەبوو . ئەوەی گەورەتر دیقی کرد . ژنێك‌و دوو کچی لە پاش بە جێ ماوە . بەڵام ئەم بچکۆلانەیە دارد‌ەستی دەستم بوو .

ئەمە شتێکی تر بوو . شازدە ساڵی بوو .

پیرەژن پێڵووە بێ مژۆلەکانی داگرتە سەر یەك : ئەی تۆ ؟ تۆ چەند دانەت هەبوو ؟

ژنە پەنجەی بۆ دەرگا شووشە گەورەکە درێژ کرد :

یەك . ئەویش حەڤدە ساڵی بوو . هەر ئەو تاقانەیەم هەبوو . خۆی چوو . ئەو شەوەی فڕۆکە دوازدە ژن‌و منداڵی گوندەکەمانی کوشت تا بەیانی خەوی لێنەکەوت . بەیانی زوو چوو .

پیرەژن پرسی : ئەگەر وێنەکەی ببینی دەیناسیتەوە ؟ من لەم ماوەیەدا , هێشتا وێنەی ئازیزەکەمم بۆ دەدۆزراوەتەوە .

ژنە تەماشایەکی دەرگا شووشەکەی کرد :

بەڵێ , دەیناسمەوە . قوربانی بم . برینەسۆتێکی بە لالیوەوەیە .
ئەها . نیشانەیەکی چاکە !
کوڕەکەی تۆ چ نیشانەیەکی هەبوو ؟
نیشانە ؟ ئەها ! زمانی نەختێ دەگیرا . هەر لەبەر ئەوەش وازی لە قوتابخانە هێنا .
دەمو چاوی چ نیشانەیەکی پێوە بوو ؟ نیشانەیەکی وا لە وێنەکەدا دەربکەوێ .
هیچ نیشانەی پێوە نەبوو . بەڵام من زۆر باش دەیناسمەوە . بە دڵ دەیناسمەوە , نەك بە چاو .
دەیدۆزیتەوە , ناڕەحەت مەبە . پێویستە باش تەماشای وێنەکان بکەی .
ئێ هێ ... لەوانەیە ئەمڕۆ ئازیزەکەم بدۆزمەوە .
وردە وردە پشت دەرگا قەرەبالغ بوو . لەگەڵ دەنگی کردنەوەی دەرگا, هاتنەوە سەرخۆ . پیرەژن خۆی بەسەر گالۆکەکە داداو قیت بووەوە . ژنو کچەکە , کە چوونە ناو هۆڵەکە, بەرامبەر ئەم هەموو وێنەیە هەرشاش و مەندەهۆش بوون .
کابرایەك گوتی :
بەم لایەدا , خوشکم !
بە پێش وێنەکان دا تێپەڕین . کچە چەپکە گوڵە داودییەکەی

به سینگی خۆیەوە نووساند بوو . دڵی لە ژێر کولۆوکەکان تەپەتەپی بوو , کولۆوکەکەکانی دەجوولاندەوە .

سەر دیوارەکە هەموو جۆرە وێنەیەکی تێدا بوو : بالانما , دەمو چاو , تا ناوقەد , لە قوماشی سپی پێچراو , لە تەنیشت , لە دواوە کە نیوەی رووی نیشان دەداو رووبەروویش .

کچە لە بەرامبەر وێنەیەك وەستا . ژنە بازووی کچەی گرت . وێنەکە نیوەی دەم و چاوێکی نیشان دەدا . نیوەکەی تری نەمابوو . لچکە کفنەکەی دەمو چاوی داپۆشی بوو . وەکوو وێنەیەك کە رووناکی لێی دابێ . لە گۆشەیەکی وێنەکە , لای راستەی دەمو چاوەکە برینەسۆتێکی تێدا بوو . سمێڵی تازە دەرهاتووی لەبەر برینەسۆتەکە , لە نیوەوە پچڕا بوو و دوای برینەکە , کۆتاییەکەی دووبارە بە ناسکی هەڵی دابووەوە .

کچە لەپی دەستی خستە سەر دەمی :

ئای کاکەم ! ئای برام !

خەریك بوو دابێتەوە سەر زەوی , ژنە بازووی راگوشی , کچە بە هێواشی نالاندی و چەپکە کولۆوکە داودییەکەی لە ژێر وێنەکە , لە بن دیوار دانا .

❊ ❊ ❊

## (6)

# نان و نمەک بۆ پەڕی تاوس

کە دەنگی گرمە گرمو لرمە لرمی فڕۆکەکە بڕایەوە , منداڵەکە هەناسەیەکی حەسانەوەی هەڵکێشاو گوتی :

باوکە , ئەوە بۆچی پەڕە تاوسەکەم تا ئێستا بێچووی نەبووە ؟

کابرا , کە لەبەر تەقینەوەیەکی دوور پەشۆکا بوو , وەڵامی دایەوە :

نان ونمەکی لە بەر دانێ . دەبێ سەری لە ناو نان و نمەك بێ .

دامناوە , باوکە !

باشە , دەبێ یەك مانگی دیکە سەبر بگری تا بێچووی دەبێ .

کابرا دەستی دڕی بەسەر ئارمووشی قژی منداڵەکە داهێنا :

قوتابخانە ناڕەزایی بەرامبەر قژت دەرنەبڕیوە ؟

بەدی باوکە , منیش گفتم داوە لە بنەوە بیتاشم .

پێویستە تا ڕۆژی هەینی سەبر بگری .

بەڵام ئاخر... باشە , سەبر دەگرم .

منداڵەکە جانتای قوتابخانەی کردەوەو بە دەنگی لەرزۆکەوە :

باوکە !

کابرا باوێشکی هاتێ :

ها ! دیسان چ بووە ؟ !

چرکەکەم (لاستیکەکەم) ...

کابرا , کە خەریك بوو لە تەك کتێبی منداڵەکە , لەسەر وێنەی شەوو مانگ , وەنەوز ی دەدا , نیمچە هەستایەوە :

سەرت لە نووسینگەی قوتابخانە دا ؟ بە جەنابی بەڕێوەبەرت گوت ؟

نا . من ... شەرمم کرد .

رۆڵە گیان , سەد جار پێم گوتی رووناسك مەبە ! ئاخیری وەکوو منت لێ دێ .

منداڵەکە دەفتەری نووسەوەری کردەوە:

باوکە , چاوت بنووقێنەو هەر کاتێ گوتم بیکەوە , بیکەوە .

کابرا چاوی نوقاند . منداڵەکە بە شادمانی زریکاندی : ئێستا چاوت بکەوە .

باوکە , کە نمرەی بیستو مۆری(کەروێشکی هەزاران ئافەرین )ی بینی , دەمی بە پێکەنین کرایەوە :

سەد ئافەرین کوڕم . هەزار ئافەرین .

منداڵەکە گوتی :

باوکە ئەو بەڵێنەی دابووت لەبیرت ماوە ؟ ئەمە دەکاتە هەشت دانە

کابرا پەنجەی شەقاری شەقاری خۆی لێك کردەوە : دوو دانەی تر ماوە, دوو دانە . حەفتەیەکی دی ئەو دوو دانەیەش دێنمەوەو ئەوسا تۆ دەبێ ئەو تۆپەم بۆ بکڕی .

به چاوان . بەڵام دوو دانەی تر ماوە.

دوو ئەنگوستی نیشان دا .

منداڵەکە لە پڕ گوتی:

بەراست باوکە , دروشمی ئەم شەوت لە بیرە ؟

کابرا پێکەنی و گوتی:

بژی هەموو کەروێشکی دنیا ! و ...

بمرێ هەموو گورگی چاوچنۆك

منداڵەکە پێکەنی‌و سەری بە بازووی کابرا کرد , کە دەماری ماندووی لێی دەداو , خورە خوری لەگەڵ گرمە گرمێکی دوورتێکەڵ بوو .

دایکە لە حەوشەوە هات , مەنجەڵێکی پڕ جلی شووراوو گوشراوی پێ بوو :

دیسان خەوتان لێ کەوت ؟ هێشتا پارووەکەتان قووت نەداوە !

کابرا لە بەینی خەوو بێداری دا , هەندێ وشەی لە دەمی جوی :

ئێستا ... فرێ دەدەم ... لێفە ...

دایکە چاوە شەکەتەکانی داگرتە سەر یەك . دۆشەکی بچکۆلەی منداڵەکەی پان کردەوە . سەرینەکەی لەسەر دۆشەکەکە دانا . دەستێکی بە تەوێڵی منداڵەکە داهێناو لە بەر خۆیەوە گوتی :

(خودایە , بە تۆم سپارد . مێکوتە لە قوتابخانە زۆرە !

به هێمنی منداڵەکەی لە سەر نوێنەکەی درێژ کردو بە نەرم‌و میهرەبانی دەستی بە ورینگە ورینگ کرد :

**هولان هولانە , کوڕەکەم شاهی کوڕانە , کوڕەکەم**

**تەرخوون و مەرزە, کوڕەکەم دنیا دەهێنێ , کوڕەکەم**

**بووکۆکە چینی , کوڕەکەم داخی نەبینی , کوڕەکەم**

به هێواشی دەستی خۆی لە بن سەری منداڵەکە دەرهێنا . چووە لای جانتای قوتابخانەی . دەستی لە ناو جانتاکە راکرد . پەنجەی لە بنی جانتاکە هاتە دەرێ . ئاخێکی هەڵکێشا :

سەیرکە ! ئەم بی مروەتە چ شتێکی رزیوی داوینەتێ . هێشتا سێ مانگ نابێ دەچێتە قوتابخانە , جانتاکە کون بووە . هەی بێ ویژدان ! یاخوا خێر لە پارەکەی نەبینی ! پارەی ئارەقەی ناوچەوانی خۆمان بوو

بە چاکی کون و کەلەبەری جانتاکەی پشکنی‌و دووبارە لە بەر خۆیەوە گوتی :

دیارە جانتاکەت کون بووە , کەروێشك ! دەستیشت لە نان و پەنیرەکەت نەداوە .

منداڵەکە , بە تەکانی دەستی ژنە , بە ئاگا هات . کابرا رۆیشتبوو :

نان و چات بخۆ . خۆت حازر کە !

به چاوان دایه گیان !

لمووزی پێڵاوت کون بووه . تا تۆ پانتۆڵەکەت لە پێ دەکەی ، من دەیدروومەوە . لە کۆلانێ ، ئەوەندە سەرەسمك لە بەردو کەستەك مەدە! پەنجەت لە پێلاوت هاتۆتە دەرێ .

به چاوان ، دایه گیان !

هەر بلێ : به چاوان دایه گیان . لەم گوێیەت دێ و لەو گوێیەت دەچێتە دەرێ .

دایه ، ئاو !

ژنەی پەرێشان گوتی :

بەو بەیانیه کەلەپاچەت خواردووە ، چیه ؟ وا تینوو بووی . (تا)شت لێ نەبێ ؟

مەچەکی ناسکی مندالەکەی گرت :

نا ، (تا)ت لێ نییه . لێدانی دلّت ئارامه .

ژنه کاسه ئاوێکی دایه مندالەکەو لەو دیو پێستەی بلوورینی گەردنی، ئاوەکەی بینی شۆڕ بووەوه . مندالەکه به هەناسەبڕکێ لێوی لە سەر کاسەکه هەڵگرت . کاسەکەی لە بەر دەرگای ژوورەوە داناو بەرەو دەرگای حەوشە رایکرد . حەوشە پڕ ببوو لە گرمە گرمەو لرمە لرمی فڕۆکه :

خودا حافیز ، دایه !

خودا له پەنای خۆت گرێ !

کابرا لەسەر ئەسکەلە وەستا بوو . بە چەمچە چیمەنتۆی لە دیوار دەداو وردە وردە دەچووە پێش .

باوکە ! باوکە ! پەڕە تاوسەکەم زۆر برسی بووە ...

نان و نمەکی بگۆڕە . نانەکە یەکە راست بە سەری پەڕەکەوە بنووسێنە .

کرێکارەکان ئارەقەیان لە هەنیە دەچۆڕایەوە سەر قۆمەتە قوم و چیمەنتۆ . کە خاکەناسیان لێ دەدا , نقە نقێکی قورسیان لە سینگ دەهاتە دەرێ . کابرا قاپە چیمەنتۆیەکی تری هەڵگرت و چەمچەی تێ چەقاندو لەدیواری بێ کۆتایی مالّی :

بە هێدی لیفکە لێرە دە , بابە گیان , زۆر دێشێ .

ئەوە بۆ وا شین و مۆر بووە ؟ دیسان تۆپ تۆپێنت کردووە ؟

لە پلیکانەی قوتابخانە بەربوومەوە. زۆر دێشێ .

کەس لێی نەداوی ؟

نا , باوکە هیچ کەس !

پێستەت خوێنی تێزاوەو رەش بووە ئەگەر پێستەت رەش بوایە کەمتر دیار دەبوو، ئاگاداری خۆت بە ! تەماشای بەر پێی خۆت بکە

بە چاوان , باوکە گیان , بە چاوان !

کابرا مالّنجی داری لە سەر ئەسکەلە هەڵگرتو

ئەو بەشە دیوارەی تازە چیمەنتۆی لێدا بوو , ساف‌و یەك دەستی کرد : باشە , دروشمی ئەم شەوت نەخوێندەوە , کوڕم ؟

بژی هەموو کەروێشکی دنیا . و...

بمرێ هەموو گورگی چاوچنۆك !

لەنکاوڕا, گرڕەی کت وپڕی چەند فرۆکەیەك , ئەسکەلەکەی هەژاندەوە. کابرا هاتەوە سەر خۆی . لە دوورەوە , دەنگی چەند تەقینەوەیەك هات . دوو تەقینەوەی زۆرنزیکیش ئەسکەلەکەی بە توندی راتەکاند. کابرا بە پەلە خۆی فڕێ دایە خوارێ و لەگەڵ کرێکارەکان رایان کردە ئەو پەناگایەی لەو نزیکانە لێیان دابوو .

ژنێ لە دوورەوە قیژاندی :

یا ئیمامی رەزا ... قوتابخانە ... لە قوتابخانەیان دا !

کابرا لە پەناگاکە دەرپەڕییە دەرەوە . قرچەی شکانی شتێکی لە پشتیەوە هات بە پەشۆکاوی‌و دڵ هەڵقرچاوی , لەگەڵ حەشیمەتەکە, کە دەگریان‌و هاواریان دەکرد , بەرەو قوتابخان رایکرد .

مندالّەکە قژی زێڕینی رژابووە سەر چاوە زولالەکانی . دەستە بچکۆڵەکەی , کە وەکو تریفەی مانگ ناسك بوو , کەوتبووە سەر کتێبەکەی . پەڕە تاوسەکەش کە سەری لە ناو نان‌و نمەك دا بوو , بە ئارامی کەوتبووە تەنیشت وانەی شەو بوو مانگ لە پەنا هەور بوو .

❊ ❊ ❊

(7)

## شخارتەی ئەمین

کاك شێرخان سمێڵی بابڕی خەنەیی , کە خەریکە وردە وردە سپی دەبێ, لە هەردوو لاوە با دەدا . بە کۆکەیەك سینگی پاك دەکاتەوە . بە هەردوو دەست دوو پاکەتە شخارتە لە ناو دەستەشخارتەکانی سەر زەوی هەڵدەگرێ , بڵندیان دەکاتو بە دەنگێك , کە هێشتا لەم ئیشە رانەهاتووە , بانگ رادێڵێ :

هۆی شخارتەی ئەمین !

دەنگی هێشتا ساف و یەك دەستە نەبووە. نەختێ کەرخە و کەمێ قینی تێدایە . بەردەوام ئەم قینە قووت دەداتەوە , بەڵام دیسان وەکوو لوویەکی بە ئازار لە گەرووی هەڵدەکشێ و دادەکشێ .

رێدارەکان بە رووگرژی. , سەر دادەنەوێنن . جارو بار یەکێ رادەوەستێ . لە گیرفانەکانی دەگەڕێ . پارەیەك دەخاتە سەر سندووقە دارەکەی بەر دەم کاك شێر خانو شخارتەیەك هەڵدەگرێ . هەندێکیش , جگەرە بە لێوەوە رادەوەستن کاك لە مەبەستیان دەگا . شخارتەیەك لێدەداو جگەرەکەیان بۆ دادەگیرسێنێ . کاك بەو بڵێسەی لە شخارتەو جگەرەکە هەڵدەستێو بە بۆنی دووکەڵەکە دەکەوێتە ناو جەنگەڵێکی ئاگرو دووکەڵ .

هۆی شخارتەی ئەمین !

ئیتر ئەمەی لێ بۆتە خوو . لە ناو بڵێسەی ئاگرو تەق و تۆقی تەقینی فیشەك و بەڕوو هاوار دەكاو ئەو داوە نەپەنییە توندو پتەوەش بەرنادا . داوەكە دەگرێ و دەڕوا . هەندێ جار بەرەو دواوە دەخزێ و دووبارە خۆی لە تەك ئەو سندووقە دارە دەبینێتەوە كە سەردەمێ هەناری تەڕو تازەی تێدا بووە . بەڵام زۆری پێ ناچێ كە دووبارە لە ناو بڵێسەی ئاگر دەكەوێتەوە هەوڵ و تەقەلا .

كاك شێرخان بە سمێڵی بابڕی خەنەیی , كە مووەكانی وەكوو نەشتەر قیت بوونەتەوە , دەڕوا . زۆر بە سەنگینی هەنگاو دەنێ . وەكوو هەڵۆ بە سەر بەردانداا باز دەدا : سووك و ئاسوودەو چاونەترس بە چاوانێك كە وەكوو بڵێسەی شخارتە لە تاریكیدا پڕووشك داوێ . بە كارێژێكی رەق و قرماو . دەزانێ كە بە تەنیشت گوندەكان دا تێ دەپەڕێ , كچان بە كۆشی پڕ نانەوە چاوەڕێ دەكەن . كوندەی ئاویان بە پشت و نێك هەڵگرتووە بۆ ئەوەی مەتاڵەیان بۆ پڕ بكەن و دەسرۆكی پڕ فیشەك لە بەینی دوگمەی زارمەمكیان دەربێنن :

-ئای ئەم دەسرۆكە بۆنێكی چەند خۆشی لێ دێ . ئەوە چیت تێ كردووە ئاسیا ؟

لەسەر فیشەكەكان كولكنەم بۆ تێ كردووی . دەمی بكەو بیخۆرەوە .

هێشتا هەر چاوەڕێمی , ئاسیا ؟

هەمیشە هەر چاوەڕێت دەکەم .

تا کەی ؟

تا ئەو کاتەی لەم دەست بە سەرییە نەجاتت دەبێ .

یانی دەتەوێ خانەبگیرم بکەی , ئاسیا ؟

ئاسیا پێدەکەنێ . ددانە سپییەکانی دەبریقێنەوەو خوێن دەپەڕێتە گۆناکانی . (با) یاری بە کراسی دەکاو شێرخان سەری دادەنەوێنێ .

لە کوێی شێرخان , بیر لە هاوڕێکانیشت بکەرەوە .

خالۆ , وا چاکە بە رێ بکەوم .

ئاخر حەسانەوەش پێویستە . مەگەر ماندوێتی نازانی .

کاتی حەسانەوە زۆرە . ئەوەندە لە ناو گۆڕ دەخەوین کەس نەبێ بێدارمان بکاتەوە .

ئای کاك , تۆ چ قسەیەك دەکەی . دانیشە کولەبارەکەت بکەوە . برسیم .

هۆی شخارتەی ئەمین !

گەنجێکی شڕو رەنگ پەڕیو بە جگەرەی ژێر لێوەوە , دەمو چاوی دێنێتە پێش . کاك شێرخان شخارتەیەك لێدەداو جگەرەکەی بۆ پێ دەکا. بڵێسەی شخارتەکە دەمو چاوی زەردو لێڵی گەنجەکە رونا‌ك دەکاتەوە .

ئێمە کە گەنج بووین بە مست قەدی داربەڕوومان ورد دەکرد .

گەنجەکە وا پێشان دەدا هەر گوێی لێنەبووە . ملی باریك‌و خواری دەخورێنیٚ و بە خەواڵوویی منگە منگ دەکا :

خالۆ تۆ شخارتەکەت بفرۆشە . بەئێمەت گرتووە !

هۆی شخارتەی ئەمین !

خالۆ بۆن دووکەڵ دیٚ .

هەڵبەت دیارە هی جەنگەلە .

یانی شتی وا دەبیٚ ؟

خالۆ تۆ لە کوێی .

گوێت لە شکان و بەربوونەوەی درەختانە ؟

(با) ئاگر خۆش دەکا , کاك . ئێستا هەموو جەنگەل دەبیٚ بە خۆڵەمێش .

هۆی شخارتەی ئەمین !

ژنێکی چاو رەش‌و گەورە , دەستی ئێسکنی لە ژێر چارۆکە دێنێتە دەرەوە :

خالۆ ئەم سفرەیە دەکڕی ؟ پلاستیێکی نویٚ نوێیە .

کاك , لە ناو بڵێسەی ئاگر دەردەپەڕێتە دەرەوە :

بۆچی سفرەت دەفرۆشی , نەنە گیان ؟

باشە .. ئەی ...

ئاخر من شخارتە فرۆشم .

به شخارتەشی دەدەم , لە ڕێی خوا .! مندالە بچووکەکەم ناساغە پارەی بیتاقەم نییە .

باشە , نەنە گیان باشە , مەپاڕێوە .

شێرخان سفرەکە لەناو سندووقە دارەکە دەنێ . ژنە پارەکەی وەردەگرێو دور دەکەوێتەوە .

هۆی شخارتەی ئەمین !

شێر خان هاوار دەکا . لە ناو ئاگرو دووکەڵ هاوار دەکا :

ئاهای ... کاك ... تۆ لە کوێی , خاڵۆ ؟!

خێرا لە ژێر قەدی داربەڕوویەکی ئەستوور , کە دێ بەربێتەوە , دەردەپەڕێتە لایەك .

هۆی شخارتەی ئەمین !

لەو ناوە , هیچ کەس کاك ناناسێ . هەموو ئەوانەی لە دەوری گۆڕەپانەکە کۆبوونەتەوە , لەگەڵ یەکدی نائاشناو غەریبەن . هەر یەکە لە لایەکەوە هاتووە .

گوێی پڕبووە لە جیزەی گوللەو گوڕەگوڕی ئاگر . شەو , لە دەنگی گوللەی دوور بە خەبەر دێ . لە ناو نوێنەکەی دادەنیشێ . چاو دەبڕێتە تاریکی . گوێ لە هەناسەی ئارامی ژنەکەیو دانەچۆقەی مندالەکانی دەگرێ . بە ئارامی بەتانی بە سەر ژنەکەیدا هەڵدەکێشێ . دەست بە سەر سەرو دەمو چاوی نەرمو ناسکی

منداڵەکاندا دادێنیێو بە دەسرۆکی ئاسیا ، چڵمی منداڵەکان دەسڕێ . دووبارە سەر دەخاتەوە سەر سەرین . لەناو سەرینیش هەر دەنگی گوللەو ئاگر دێ .

ئاسیا بە زەحمەت پێیە ئاوساوەکانی بە دوای خۆیدا رادەکێشێ و هەر دەناڵێنێ :

ئیدریس دەرمانی سینگێشەی تەواو بووە ، رووناك دوو مانگە نەچۆتە گەرماو ، بۆن چڕکی لێ دێ . ئیبراهیم پانتۆڵی رزیوەو هەمووی دڕاوە ، قاچی بە دەرەوەیە ، لە ناو دەرو دراوسێ شەرم لە خۆی دەکاتەوە .

لە ناکاو گوڕە گوڕی ئاگرو جیزەی گوللە دەپچڕێ .

هۆی شخارتەی ئەمین !

پیاوێك جگەرەکەی دێنێتە پێش . لێوی دەبریقێتەوە وەکوو یەکێ کەتازە خواردنێکی چەوری خواردبێ . کاك ، شخارتە لێ دەداو بلێسەی شخارتەکە دەمو چاوی کابرا رووناك دەکاتەوە . کابرا قوم لە جگەرە دەداو دەڵێ :

شێوەت دەکەم .

کاك شێرخان سەرنجی لێ دەکێشێتەوە. روو دەکاتە رێدارەکانو هاوار دەکا :

هۆی شخارتەی ئەمین !

گوتم شێوەت دەکەم !

کاك دەڵێ :

یانی چی , خاڵۆ ؟

کابرا پێدەکەنێ : یانی من ناناسی , ها ؟

کاك شێرخان شخارتەکان ئەم دەست و ئەو دەست دەکا :

نا . خاڵۆ , لە کوێ بتناسم ؟

کابرا دووکەڵی جگەرەکەی فوو دەکاتە دەمو چاوی خاڵۆ . خاڵۆ تا نەختێ دەمو چاوی لە پەنا دووکەڵەکە بزر دەبێ :

لە ناو لێڕ !

توند مەچەکی سفتو زلی کاك لە ناو دەستی نەرمو گۆشتنی خۆی دەگرێ :

لە ناو لێڕ , خاڵۆ شێرخان . وامان دەزانی بووی بە خۆڵەمێش !

کاك دەمی دەکاتەوە :

ها...؟!

پایزی 1357

* * *

(8)

## دراوی کون

پیرەمێرد لەسەر لێوی بەردی شکاوی حەوزەکە دانیشتو تەماشای ئاسمانی کرد . دەنگی دەلەرزی :

خەریکن وا دێن .

دەستی خستە سەر شانی کوڕیژگەکە . بزانی و نەزانی , ئێسکی شانی منداڵەکە لە ژێر پەنجەی پیرەمێرد دەلەرزی .

پیرەمیرد مەیلەو هاواری کرد : غاردە بڕۆ پەناگا هەر ئێستا دێن

ئاماژەی بۆ بلۆکە چیمەنتۆکان کرد کەبۆ دروست کردنی پەناگا , لە قەراخ شەقامەکە ڕۆکرابوون . کوڕیژگەکە گوتی :

تۆش لەگەڵم وەرە .

پیرەمێرد بەشیشەئاسنێکی درێژ خۆڵەکەی لێکدا . بەدەستەکەی تریشی , پێستی سپیی‌و هەتاو نەنگاوتەی ژێر لێوی کڵاوەکەی خوراند : ئیشت بەسەر منەوە نەبێ , ئەمین! تۆ خۆت بڕۆ . زووکە !

کوڕیژگەکە بە دەم ئازارەوە گوتی :

هەمیشە هەر وا دەڵێی . ئەوەتا هەرچی پێت دەڵێم من ناوم ئەمین نییە , دیسان هەردەڵێی ئەمین .

پیرەمیرد توند بوو :

ئێستا کفرم کرد چییە ؟ ئەمن حەز دەکەم پێت بڵێم ئەمین .

بەرقەوە گوتی : ئەمین نەوەی من بوو .

ئینجا پاڕایەوە :

دە تۆ ببە بە ئەمینی من . مەگەر چ دەبیّ .

کوڕیژگەکە سەری بە دارهەناری تەنیشت بەردی سەر حەوزەکە کرد کە تفری هەموو سووتا بوو و تلۆقی دەردابوو :

هەڵبەت خۆیشت دەتەویّ ببی بە بابە گەورەی من !

باشە , ئەگەر ببم بە بابە گەورەی تۆ چی تیّدایە ؟ عەردو عاسمان خۆ لیّك دەدەن ؟

کوڕیژگەکە ژێر گەرووی با ی کرد :

بابە گەورەی من خەریك بووو لە دوکانی دۆندرمەفرۆشیّك دەهاتە دەریّ , کە فڕۆکەکە بۆمبای هاویشت . کاتیّ تەرمەکەیان دۆزییەوە , سیّ دۆندرمەی قووچی لە ناو دەست ببوو بە ئاو . بۆ منو خوشکەکانمی کڕی بوو . خۆم دەزانم .

پیرەمیّرد لووتی هەتاوگەستی خۆی خوراند :

من دەبم بە بابە گەورەی تۆ . خەفەت مەخۆ . دۆندرمەی قووچیشت بۆ دەکڕم .

کوڕیژگەکە داردەستەکەی لە بەردی سەر حەوزەکە کوتا :

ئەدی کیّ ببیّ بە دایکم ؟ کیّ ببیّ بە باوکم ؟ و خوشکەکانم لە کویّ بدۆزمەزوە ؟

دەتوانین هەموویان بدۆزینەوە . زۆر ژن منداڵیان لە دەست داوە .. یەکێکیان دەدۆزیتەوە ، دەبێ بە دایکت . بێ گومان ئەگەر لە دایکی خۆت بکا باشتریش . کە دۆزیتەوە داوا بکە ببێ بە دایکت . هەڵبەت قبووڵ دەکا ، چونکە ئەویش بە دوای یەکێدا دەگەڕێ بیکا بە کوڕی خۆی .

کوڕیژگەکە دەمی بە پێکەنینێکی کەچ کرایەوە :

ئەی دادەگەورەم ؟ پوورم ؟ مەتەکانم ؟ و خوشکەکانم !

پیرەمێرد شیشە ئاسنەکەی لە هەوا بادا :

تۆ زۆر بە تەماعی . ئێستا وا دانی ئەوانی ترت هەر لە بنەڕەتەوە نەبووە !

وا دابنێم ؟

ئا ، وا دابنێ !

ئاخر منیش خەیاڵی شتی خۆش و شیرین دەکەم .

بکە ! کەس ڕێی لێ نەگرتووی .

دەکەم . خەیاڵ دەکەم دوندرمەو شیرنەمەنی لە ئاسمان دەبارێ .

زارت شیرین بوو ؟

هێشتا نا !

وەی بابە ! من تەنیا گوتم خەیاڵ بکە کەست نەبووە . تەواو ! نەمگوت ئەم خەیاڵە سەیرو بە مەسرەفانە بکە .

چۆن کەسم نەبووە ؟ تا پێش مانگێ ئەوان هەموو دەهاتن و دەچوون . دەهاتنە ماڵی ئێمە . بە ئەڵقە دادەنیشتین و تێکوشەمان لە ناو لەگەنە ئابگۆشتێکی گەورە دەکرد . بەڵام ئێستا نە ئەوان هەن و نە لەگەنی ئابگۆشت !

پیرەمێرد دەمی پڕ تامی ئابگۆشت بوو :

منیش هەر وەکوو تۆ . تۆ پێت وایە من هەر وا تەنیاو بێ کەس لە کونی ئاسمان بەربوومەتەوە !

کوڕێژگەکە چاوە خڕو ڕەشەکانی تێ بڕی :

مەت و پوورو دادە گەورەشت هەبوو ؟

هو ... هە ! دادە گەورەم لە کوێ بوو, ئەمین گیان ! خۆم لە پیرییان وا پیم لەسەر لێوی گۆڕە.

کوڕێژگەکە لەسەر لێوی حەوزەکە دانیشت . بێچووە چۆلەکەیەك لە پشت دارهەنارێك بە جیکە جیك دەرپەڕییە دەرێ . شەق شەق باڵی لێکداو دەنووکی کردەوە . پیرەمێرد داهاتەوەو تی تی بۆ بێچووە چۆلەکەکە کرد :

وا دەزانێ ئێمە دایکی ئەوین . بەسەزمان برسییە . کوڕێژگەکە داما بوو , لە بێچووە چۆلەکەکە رادەما گوتی :

زۆر بچووکە . هێشتا دانەخۆرە نەبووە .

ئاخر ئەم بەسەزمانە بێ دایکە , لەکوێ فێری دان خواردن ببێ ؟

باشە , ئێمە فێری دەکەین . هەقی نەبێ .

نووکی پەنجەی لە زەوی دا . بێچووە چۆلەکەکە بە فڕە فڕە دەنووکی لێك کردەوەو زیاتر هەڵبەزی بۆ پێشەوە . کوڕیژگەکە لەتە نانێکی لە گیرفانی دەرهێنا . بە خووزی زاری تەڕی کرد . جوی‌و پارچەیەکی بچووکی خستە ناو دەمی کراوەی بێچووە چۆلەکەکەو لە پیرەمێردی پرسی :

دەتەوێ تا کەی لە ناو ئەم وێرانەدا بگەڕێی ؟

پیرەمێرد بە هەست‌و هۆشی پەرت‌و بڵاوەوە سەری باداو بەرەو باڵەخانەی نیمچەوێرانی ئەوبەری جادە چوو :

وەی دادو بێ داد ! هەست‌و هۆشم کوا ؟ دەبوایە لەولا بگەڕێم !

کوڕە لەسەر لێوی حەوزەکە قیت بووەوەو کەوتە شوێن پیرەمێرد :.

باشە پێم بڵێ , تۆ بە دوای چی دا دەگەڕێی ؟

سەبر کە, سەبر کە تا دەیدۆزمەوە , ئینجا .

کوڕیژگەکە پرسی :

بۆچی پێش بۆمبابارانەکە لەشار نەچوویتە دەرەوە ؟

پیرەمێرد چاوە لێڵەکانی بە لای وێرانەکاندا وەرگێڕا :

هەموو شتێکم لێرەیە , گیانەکەم . هەموو شتێك !

ئینجا ڕووی کردە کوڕیژگەکەو پرسی :

تۆ خۆت بۆچی نەڕۆیشتی ؟

من هێشتا هیچ دەوسی دوو خوشکە بچکۆلانەکەم دەست نەکەوتووە .

پیرەمێرد شیشەکەی بۆ لای باڵەخانەی نیمچە وێران راداشت :

ئەو باڵەخانەیە من دروستم کردبوو . قوتابخانە بوو .

وەستا بووی ؟

ئاها . وەستا بووم .

نەمدەزانی .

تۆ زۆر شت نازانی , زۆر شت ! زۆر هەن, زۆر شت نازانن .

شیشەکەی لە سەر زەوی دانا . دانیشت . جگەرەیەکی داگیرساند :

پێم گوت بە سکی خورینی مەچووە قوتابخانە .

کوڕیژگەکە بە توندی پرسی :

بە کێ ؟ بە کێت گوت ؟

پیرەمێرد خۆڵەمێشی نەرمو نۆڵی جگەرەکەی بە سەری پەنجەی زبری گرت :

بە ئەمین . بە گوڵی ناسکم . پۆلی یەك بوو . هەموو رۆژێ خۆم تا بەردەمی قوتابخانە دەمبرد . هێشتا باش شارەزای رێگای قوتابخانە نەببوو .

بۆچی بە سکی خورین چووە قوتابخانە ؟

پیرەمێرد چاوەکانی لە زەوی بڕی :

ئەو رۆژە ، بەیانی نەمتوانی بچم نانی تازەی بۆ بکڕم . نانی شەوی پی نەدەخورا . لە گەرووی نەدەچوە خوارێ . کونی گەرووی تەنگ بوو . دایکی مانگێ جارێك دەیبردە بنکەی تەندروستی . دختۆرەکان گوتبوویان بۆڕی خواردنی تەنگە . میلیان لە گەروو دەدا. بۆ ئەوەی بکرێتەوە .

پیرەمێرد گەرووی خۆی خوراند و تەماشای دووری کرد:

بێ شك فڕۆکەوانەکان نەیاندەزانی کەروێشکە بچکۆلانەکەی من گەرووی ناسك و باریکە . کەمیلی لێ دەدەن زۆر ئەزیەت دەخوا. زۆر کوڕیژگەکە بە دەنگێکی پڕ رق هاواری کرد :

ئەها هاتن ! ... هاتن !

رایکردە لای بلۆکاکان‌و خۆی لە بن بلۆکەکان شاردەوە . دوو فڕوکە گڕڕەیان هات . خولیان خواردەوەو خێرا بزر بوون . تۆپە تەیارەشکێنەکان لە دووروەوە کردبوویانە قیامەت . پیرەمێرد قوونکە جگەرەکەی لە دوای فڕۆکەکان فت کردو هەستایەوە سەر پێ

کوڕیژگەکە لەژێر بلۆکەکان دەرپەڕی‌و گەڕایەوە لای پیرەمێرد: رۆیشتن . ئەو بەکارانە . تەنیا دوو دانە بوون . دیتیان هیچ شتێ نەماوە وێرانی بکەن . هەلاتن .

پیرەمێرد ملی لار کردەوە :

بەلام شتێ ماوە وێرانی بکەن .

کوڕێژگەکە سەیری ئەو دەورو بەرەی کرد :

شتی چی ؟ ئیتر چی ماوە ؟

پیرەمێرد دەستی لە سەر سینگی خۆی دانا:

دڵی من , کوڕم . دڵی وردوخاشی من .

کرێژگەکە پرسی :

نەوەکەت , گەرووی چاك بووەوە , یان نا ؟

پیرەمێرد دووبارە گەرووی خۆی خوراند :

پێم بشکێ ! نەمتوانی نانی تازەی بۆ بکڕم . گەرووی باریك و تەنگ بوو . بە سکی خورینی چووە قوتابخانە .

کوڕێژگەکە بە دڵدانەوە گوتی :

هەڵبەت بە پارەی ڕۆژانەی شتێکی کڕیوە .

پیرەمێرد چاوی بڕییە خاك وخۆڵەکە :

لە قوتابخانە قاسەیەکی نارنجیان پێدا بوو بۆ ئەوەی پارەکانی تێ بکا. لە بیرمە ئەو ڕۆژە , دراوێکی پێنج تمەنیم دایێ و پێم گوت شتێکی پێ بکڕێ . دراوەکە کون بوو . ماوەیەك ڕکەی لەگەڵ کردم کەدراوێکی ساغی بدەمێ , بەڵام نەمبوو . باش لە بیرمە .

کوڕێژگەکە تی تی بۆ بێچووە چۆلەکەکە کرد . بێچووە چۆلەکەکە رایکردە لایەوەو باڵەکانی لێکداو تا توانی دەنووکی لێك کردەوە .

کوڕێژگەکە گوتی :

خەریکە وردەوردە فێر دەبێ .

پیرەمێرد گوتی :

ئەگەر دەیانزانی یەك ریزە کەرپووچ بە چ ئەزیەتو مشەقەتێك لێ دەدرێ ! و دەستی بۆ لای کورێژگەکە درێژ کرد :

ناو لەپی دەستم ببینە. سەد خۆزگە بە بەردەپێ .

کورێژگەکە تی تی بۆ بێچووە چۆلەکەکە کرد .

خەریکە فێر دەبێ . تەماشای باڵەخانەی نیمچەوێرانی قوتابخانەی کرد . چووە ئەوێ و لە کۆڵینەوەی بەردو کەستەکەکان بەردەوام :

بێ شك نەوەکەت لە کاتی بۆمبابارانەکە سکی خورین نەبووە . منداڵ زوو پارەکەیان خەرج دەکەن . من هەر پارەیەکم دەست بکەوێ هیچ مۆڵەتی نادەم . زوو شتێك دەکڕم و حەواڵەی ناو ورگی خۆمی دەکەم . نەوەکەی تۆش هەروا .

پیرەمێرد زەردەخەنەیەکی کاڵی کەوتە سەر لێو :

تۆ ... تۆ مسۆگەر ... زوو خەرجی دەکەی ؟ مسۆگەر !

مسۆگەر زوو خەرجی دەکەم . کەرپووچەکانی بە قوتەدارەکەی لادا .

پیرەمێرد پشتی لەو بوو , شیشەکەی بۆ بێچووە چۆلەکەکە لە زەوی دەداو تی تی بۆ دەکرد :

گوڵی من نەوسن نەبوو . پارەی خۆی زوو خەرج نەدەکرد .

کورێژگەکە لە تەنیشت لاتەختێکی شکاو , کۆمەڵە پارچە

کەرپووچێکی تێك وەردا. قاسەیەکی نارنجی شکاو لە ژێر قۆپەنی کەلەپارچەی کەرپووچەکان دەرکەوت . دراو بەو گۆڕە وەرببوون . پێنج تمەنییەکی کون لە ناو دراوە پەرت و بڵاوەکان کەوتبوو . کوڕیژگەکە یەکسەر دراوەکەی هەڵگرتەوەو لە گیرفانی خۆی شاردییەوە . پیرەمێرد هێشتا هەر پشتی لەو بوو , خەریکی بێچووە چۆلەکەکە بوو . کوڕیژگەکە بە نەرم و نیانی بە پیرەمێردی گوت :

بابە گەورە , ماندوو بووین , بابچینە پەناگا .

پیرەمێرد لۆچی نێوچەوانی کرایەوە . دەستی بۆ لای کوڕیژگەکە درێژ کرد :

دەستت بدە من , گوڵی ناسکم ! ... ئەمین ... کوڕیژگەکەم !

شانیان دایە شانی یەکترو روویان کردە پەناگاکە . بێچووە چۆلەکەکەش , دەمی کردبووەوە , باڵی لێك دەداو بە قوونەبازان بە دوویان دا دەڕۆیشت .

* * *

(9)

# باریکە ڕێی بەر تریفەی مانگ

ئەوەیان کە گەنج بوو ، منداڵێکی لە باوەش بوو . منداڵەکە سەری بە سینگی کردبوو . بە تەکانێك سەری خستە سەر شانی . منداڵەکە دەستی لاوازو بێ هێزی خۆی لە ملی باوکی وەرهێنا .

ئەوەشیان کە پیر بوو ، پێی لە تریفەی سەر باریکە ڕێکە کوتا :

ماندوو بووی ؟

گەنجەکە گوتی : لە چی ؟

لە ، هەڵگرتنی منداڵەکە .

نەء ، ماندوو نەبوویم . لە هیچ شتێ ماندوو نەبوویم .

دەزانم .

پیرەمێرد کۆکی وەکوو یەکێ بە دەم گریانەوە بکۆکێ :

بۆچی زووتر منداڵەکەت نەهێنایە شار ؟

خۆت باشتر دەزانی .

بەڵێ ، باش دەزانم ، بەڵام ئەم دەربەدەرییەی تۆ کەی دەبڕێتەوە ؟

هیچ کاتێ !

ئێستا چ لەم منداڵە بێ گوناهە دەکەی ؟ خەریکە ڕەش هەڵدەگەڕێ .

نازانم باوکە . تۆ هاتوویتە دوای من و بێ شك تۆ

باشتر دەانی چ بکەین .

عەجایب !! یانی من باشتر دەزانم . .. ها !

بەڵێ .

پیرەمێرد تانەی لێدا : نەك تەنیا خۆت بەدبەخت کرد , بەڵکوو ژن و منداڵیشت خستە سەر ساجی عەلی .

هەمیشە لایەك دەباتەوەو لایەك دەدۆڕێنێ .

تۆش دۆڕاندت . چ دۆڕاندنێکیش !

ئەمە هەمووی تاقی کردنەوەیە .

تاقی کردنەوە ؟! داماو , تۆ تەنانەت رەوشی ژیانیش نازانی .

سێبەری کپو ماتی دوو پیاو لەسەر گاشەبەردەکان دەخزی‌و هەندێ جار دەبوو بە یەك . وێنەی مانگی تریفە کاڵ لە پشت چلی دارتووەکان شەق دەبوو . گەنجەکە سەری منداڵەکەی خستە سەر بازووی :

ئەو رۆژگارەت لە بیرە , باوکە ؟

کە , چ بوو ؟

کە لە ماڵەوە بە قایم قسەت نەدەکردو ویردی زمانت (وریا بن ) بوو .

تۆش گوێت بە قسەی من نەداو حەفت ساڵ رۆیشتی .

هیچ جارێك نەهاتیتە سەردانم .

چاوەڕێت دەکرد بێم ؟

گەنجەکە منداڵەکەی لەسەر شانی جولاندەوە :

ئەی ئەم شەو بۆچی هاتیتە لام ؟

خەبەریان هێنا منداڵەکەت حاڵی باش نییە . ئوتومبێلەکەمم لە سەر جادە بە جێ هێشت و ئەو هەموو ڕێیە دوورە بە پێ هاتم .

چۆن منت دۆزییەوە ؟

خەبەرم هەبوو .

جا... بۆچی ؟

سکتر بە , بێ قیمەت . من تەنیا بۆ خاتری ئەم منداڵە هاتم .

پیرەمێرد لەبەر تریفەی مانگ تەماشای دەم و چاوی شین و غەمباری منداڵەکەی کرد کە بە زەحمەت هەناسەی دەدا , بەڵام خێرا رووی وەرگێڕاو دالغەی چووە سەر ئەو باریکە ڕێیە مارپێچەی لە دوور دەتوایەوە :

دوو منداڵ و ژنی بەدبەختت هێناوەتە ئەم دێیە چ بکەی ؟

سکیان تێر بکەم .

لەم گوندە وشک و چۆڵە , هیچ ئیشێک دەست ناکەوێ .

سەبەتەو زەمبیل دروست دەکەم .

ئەی بووکەکەم ؟

دەچێتە قالیچنی .

به دەستی خۆتان خاكتان بە سەری خۆتان كرد .

بە دەستی خۆمان ؟

ئەی بە دەستی كێ ؟

وا چاكە هەر باسی نەكەین .

منجڕ .. !

ئینسان لە پێناوی چی دەژی , باوكە !

لە پێناوی قسەی پووچ كردن .

باشە , ئێوە بڵێن قسەی پووچ . بەڵام ئەم قسانە بۆ من و بۆ بووكەكەتان هێشتا نرخی خۆیان هەیە .

هێشتا نەچووە بچێ . وەرە با بەیەكەوە بچینەوە . سەپەرشتی دوكانەكەم بكە .

نەء , هەزار جار , نەء !

پیرەمێرد تفی كردە سەر تاشەبەردێكی بەر تریفەی مانگ و دەهری بوو .

بەدبەختی لە منداڵەكانت !

بۆ ئەوەندە نارەحەتی , باوكە !؟

پیرەمێرد بێ گوێ دانە پرسیاری گەنجەكە , بەردەوام بوو :

تۆ سەری دنیات لێ وێك هاتۆتەوە . وەكوو كونە دەرزی لێهاتووە .

بۆ ئێوەش فراوان و والایە .

به قەدەر فراوانی هەموو دەروازەکانی دنیایە .

جا بۆ وا نەبێ ؟

بەڵێ , بۆ وا نەبێ ؟ ئێوە لە پۆپەی سەرکەوتن دان و من لە ناخی تێشکان !

لە تەپۆڵکەکە شۆڕبوونەوە. تریفەی مانگ وەکوو تۆز لەسەر دەم و چاویان نیشتبوو . خێرا هەنگاویان دەنا و زایەڵەی دەنگیان تا دوور دەرۆیشت . جارجار لە پڕ بێ دەنگ دەبوون و دووبارە دەستیان پێ دەکردەوە . منداڵە ناسك و نەساخەکە , سەری لەسەر شانی باوکی بوو و ئیتر نالە ناڵی نەدەکرد . خیسەخیسێکی خراپی لە گەرووی دەهات . کابرای گەنج سەری منداڵەکەی بەسەر شانی خۆی کردو لەسەر ملی هەستی بە خورپەی کزی لاجانگی منداڵەکە کرد . سەرنجێکی لە دەمو چاویدا . منداڵەکە بە سەختی خورە خوڕی دەکرد . ئێستا مانگ خڕو پڕ بوو . گرێکی نارنجی گرتبوو .

پیرەمێرد سەیری مانگی کرد :

مانگ سوورە , خوێن دەڕژێ .

بەلێ , دەڕژێ .

تۆ لە بەدبەختی و سووکایەتی زیاتر هیچی ترت بۆ ئێمە نییە . دەتویست چیم بۆ ئێوە هەبێ .

پایەی باش . ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆت و ژنو منداڵەکانت .

هەر ئەوەندە .

پیرەمێرد ساتمەی لە بەردێک کردو هەر وەخت بوو بەدەمدا بکەوێ گەنجەکە توند قۆڵی گرت‌و لێ نەگەڕا بەربێتەوە , بەڵام پیرەمێرد مستێکی لە سینگی گەنجەکە کوتاو لەگەڵ منداڵەکەی باوەشی , تخێڵی سەر زەوی کرد . منداڵەکە ناڵاندی‌و گریا . گەنجەکە قینی خۆی خواردەوەو دەستی بە دەم‌و چاوی منداڵەکە داهێنا . پیرەمێرد دوو سێ هەنگاو بە شەلە شەل رۆیشت و بەردەوام بوو :

بێچارە دایکت !! وەختە لەبەر گریان کوێر ببێ .

زۆر دایک لەبەر گریان کوێر بوونە .

بێ رەحم ! بێ سۆز !

لەئێوە فێر بوویم .

من هیچ کاتێ بێ رەحم نەبوویم .

با , بێ رەحم بووی و بێ رەحمی !

ئەگەر بێ رەحم بوومایە , بەم شەوە نەدەهاتمە لات !

هەڵبەت گریان و پاڕانەوەی دایکم ناچاری کردووی .

پیرەمێرد لە پڕ چنگی نایە بینە قاقای گەنجەکەو لە قەدی دارتووری قەراخ ڕێگای چەسپاند . منداڵەکە قیژاندی‌و بە توندی کردییە خورە خوڕ . گەنجەکە توند منداڵەکەی بە باوەشییەوە نووساندو گوتی :

ئەمەیە بێ رەحمی !

پیرەمێرد لەگەڵ قیژەو گریانی منداڵەکە هاتەوە سەرخۆی نەختێ هێور بوەوەو بەڵغەمی سینگی بە روی تریفەی مانگ هەڵدا :

تۆ هەر بەمنداڵی , هەر لەو ساتەی هاتیتە دنیا , بە قڕەقڕو هەراو زەنا بووی .

سایەی گەنجەکە لە سەر ئاوریشمی تریفە خزی :

ئێوەش بە منداڵی قەپتان لە مەمکی دایکتان دەدا .

درۆیە , لە کێت بیستووە ؟

لە دادەگەورە .

ئەو خوالێخۆشبووە زۆر درۆی دەکرد , بەڵام بەڕاستی تۆی زۆر خۆش دەویست . کاتێ کە تۆ گیرا بووی , خواردنی هەمیشە گریان بوو . لەسەرەمەرگا , هەر چاوی لێ بوو تۆ بیبێ . ئاخیری هەرچی کردمان , نەمانتوانی چاوی قەپات بکەین و ...

ئێی ...

ناچار بە چاوی کراوە ناشتمان .

منداڵەکە دەستی لە گەردنی باوکی شل بوو و کەوتە سەر سینگی . منداڵەکەیان لە قەراخ باریکە رێکە دانا . گەنجەکە قینی جۆشاو چاوی بڕییە دەمو چاوی منداڵەکەو لە ناکاو هاواری کرد :

باوکە , کەیوان خەریکە دەخنکێ !

پیرەمێرد بە تۆقاوی  چاوی بڕییە دەم‌و چاوی منداڵەکەو بە دەنگێکی نووساو گوتی :

ئای های ...ئەمە .. .

ئەمە چی ؟ باوکە .

ئەمە وەناقە ! بەدبەخت , بەدەستی خۆت منداڵەکەتت کوشت !

گەنجەکە سەری خستە سەر سینگی سارد و کپی منداڵەکە :

من کوشتم , یان تۆ ؟

مانگ و دارتووەکان و سەراپای دەشت , هەمووی ببوو بە خوێن .

زستانی 1357

* * *

(10)

# بەفرین

لە لێوی هەیوان , لە بەر تیشکی خۆرەتاو دانیشتبوو . بەفرین پشتی بە سینگی دایکی دادا بوو . ژنە توند لە بەینی هەردوو ئەژنۆی خۆی گرتبوو . بەفرین قژی زێڕینی لە ژێر ددانەکانی شانەدا بە نەرمو لووسی بە سەر پێستی ناسک وەك تریفەی شانو ملی دا بڵاو دەبووەوە . لەگەڵ هەر شانەلێدانێکدا , قژی شەپۆڵ شەپۆڵ دەهاتە خوارێ و چین چین دەکەوتە سەر یەك :

ئای گوێم ! گوێت لێ کردمەوە !

چ بوو ! دیارە گوێی تۆ کاغەزە ! ئەگەر ئینسان گوێی بە شانەکردن لێ ببایەوە, ئێستا لە دنیادا هیچ کەس گوێی نەبوو .

بەفرین , خێرا دەستی بە گوێی خۆی داهێناو بە وردی سەیری سەری پەنجەکانی کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێ داخۆ گوێی خوێنی لێ هاتووە یان نا ؟

دایکە بە گاڵتە گوتی :

هەی هەی ! هەی هەی ! گوێت بەربۆتەوەو خۆشت پێی نازانی ! دەبێ ئەمرۆ بچمە لای (مامە مەقدوور)و گوێیە کارژۆڵەیەکت بۆ بکڕم .

کوڕۆکەکە لە سەر عەرزی هەیوانەکە ژێر خۆی تەڕ کردبوو خەریك

بوو ئەنگوست ئەنگوست قوڕی بنەخۆی دەخوارد . ژنە رووی کردە کوڕەکە :

ئەها یووسفە ... ! کخە ... کخە ... دەك تف لە ئیش‌و کارت ! بزانە چ ملچە ملچییەتی ! دەڵێی پاقلاوەی تەندوور دەخوا . بەدبەخت !

پۆقژێك لەسەر کونە لالووتێکی کوڕەکە هەر گەورە دەبوو و بچووك دەبوەوە . یووسف بە قوونە خشکە , خۆی گەیاندە لای دایکی . بەفرین خۆی لە بەندی دوو ئەژنۆی دایکە هێنایە دەرێ . ژنە , بە لچکی کراسی کەپووی منداڵەکەی سڕییەوە . پەنجەی لە زاری منداڵکە گێڕاو پارچە قوڕێکی دەرهێنا . پۆقژەکە , لە سەر بنەگوڵی سووری کراسەکەی خزی‌و وردە وردە بچووك بووەوە تا هیچی لێ نەمایەوە . ژنە چووە ژوورێ . چارۆکەیەکی , لە کوژییەکی تاریك هەڵگرتەوەو لە سەر زەوی پانی کردەوە . یووسفی لە چارۆکەکە پێچا . بەفرین هاتە لای دایکی‌و پشت لە دایکی وەستا . ژنە منداڵەکەی لە پشتی بەست :

ئەگەر زۆر بێ تاقەتی کرد بیکەرەوە . ئاگادار بە لە عەردی نەدەی ! چاوت لە مریشك و جووجەلەکان بێ . پەنجە لە کونی مارو موور رانەکەی ! شتی خراپ هەڵنەگریتەوە بیخۆی ! بۆ فراوینت , نەختێ زەلاتەی درێنێ شەو ماوە , نیوەڕۆ بە نان بیخۆ . نانی وشك‌و قەندم

لە سەر تەقچکە داناوە . هەر کاتێ یووسف برسی بوو , بیکرتە , بیکە هەویرو بیدەیێ , لێ نەگەڕێی مێشوولە لەسر دفن‌و دەمی بنیشێ .

بە دەم ئەم راسپاردانەوە , توێشەبەرەکەی هەڵگرت . روووی کردە لای دیوارە قوڕەکەو لەبەر خۆیەوە گوتی : ئەمە دۆدان و ئەمەش تەورداس .

لە بن دیوارەکە هەڵی گرتن‌و بە کۆڵی خۆی دادان . ئەو گورزە گوریسەی لەتەنیشت پلیکانە کەوتبوو , هەڵیگرت‌و هاویشتییە سەر شانی . هێشتا پێی نەنابووە سەرپلیکانەکە , بەفرین بە یەك تەکان یووسفی لە پشتی خۆی کرد . دەستی بە دامەنی داهێنار نامەیەکی گەچلاوی لە گیرفانی دەرهێنا . چەند ریزێکی نامەکەی نیشانی دایکی دا, کە لەبەر پەنجە پیا هێنان هەمووی سڕابووەوە . ملی لار کردەوەو بە شەرم و پاڕانەوە گوتی :

دایکە , ئەم جارەش بۆم دەخوێنیتەوە ؟

ژنە ئاوڕی دایەوە . لێوی بە خەندەیەکی کاڵ کرایەوە . نامەکەی لە کچەکە وەرگرت . تەماشایەکی روخساری رەنگ پەڕیوی کرد :

خەریکە درەنگ دادێ . دوو رۆژە ئەم نامەیە هاتووە , من هەزار جار بۆم خوێندوویتەوە . بە خوا بێزار بووم .

لە ناکاو بە زەیی بە بەفرین دا هاتەوەو دەستی بە سەری دا هێنا :

ئەمڕۆ کچێکی باش بە . هەرچی پێم گوتی جێ بەجێی بکە بۆ ئەوەی کە بەرە بەری ڕۆژاوا لە بێشە هاتمەوە دیسان بۆت بخوێنمەوە .

بەفرین سەری بە سکی دایکی کردو بە هێمنی کراسەکەی بۆن کرد . نامەکەی راپسکاندو لە گیرفانی نا . هەردوو دەستی لە دراوە لە ژێر سمتی منداڵەکە قوفڵ کرد . منداڵەکە هەستی کرد دایکە دەیەوێ بڕوا , لێوی هێنایەوە یەك و بۆ لای دایکی وەرسووڕا , بەڵام بەفرین چەند جارێك هەڵبەزی و تەکانی دایە خۆی . ئیتر منداڵەکە پێکەنی . بەفرین رایکردە لای خوارەوەی حەوشەو لە تەنیشت کولانەی مریشك و جووجەلەکان دانیشت .

دایکە لە کۆلانێ , گوێی لە قاقای پێکەنینی منداڵەکە بوو , دڵی ئارامی گرت .

ژنە گەیشتە داوێنی تەپۆڵکەکە . داوی دۆدانەکە مەچەکی ئەزیەت دەدا . کردییەوەو دایە دەستەکەی تر . گوریسەکەی لە سەر پشتی جووڵاندەوە . چاوی دایە ئەو رێگا پێچ و پلووچەی لە تۆقەڵەی تەپۆڵکەکەوە دەهاتە خوارێ و پان دەبووەوە . کابرایەك خەریك بوو بارەدارێکی بە رێگا مارپێچەکەدا دەخشاندە خوارەوە . جارو بار بارەدارەکە کابرای بە دوای خۆیدا رادەکێشاو لە هێڵی مارپێچەکەدا دەیبردە دەرەوە . تۆزێکی ئەستووری لە دواوە بەرز دەبووەوە ئاسمان و تا چەند لەحزەیەك کابرای لە ناو خۆیەوە لوول دەداو دەیشاردەوە .

(مامۆ مەقدوور ) ی شوان چەند هەنگاوێک دوور لە رانەکە ، ڕەگ و ریشاڵی خوردەنی بە پیشەقانەکەی لە ناو جەرگەی خاک دەردەهێناو گۆرانییەکی غەمگینی دەگوت :

**زەوی غەمم بە گاسنی غەم کێڵا**

**تۆوی غەمم پێ وەر کرد**

**بەرهەمم غەم بوو , بە داسی غەم دروومەوە.**

**دانی غەمم بردە ئاشی غەم .**

**ئاردی غەمم بە ئاوی غەم کردە هەویر .**

**لە تەندووری غەم برژاندم .**

**نانی غەمم لە سەر سفرەی غەم دانا .**

**هاوسفرەم غەم بوو .**

**لە تەکیا دانیشتم و بە غەمەوە خوارم .**

سەلامو عەلێک , مامە مەقدوور !

پیرەمێرد پشتی قیت کردەوەو ملی وەرچەرخاند :

سەلامو عەلێک , عەلەیکی سەلام , سەلیمە خان . خەبەری حەمەی چییە ؟

دوو سێ رۆژە نامەی هاتووە . نووسیویەتی تا چەند رۆژی دی روخسەت وەردەگرێ و دێتەوە بۆ ئەوەی سەرێکمان لێ بدا .

خوا لە پەنای خۆی گرێ ! ئیشاڵڵا بە خێرو سەلامەتی دێتەوە .

سەلامەت بی مامۆ . خوا هەر پیرو هەر گەنجت کا .

سەلیمە گەیشتە کن داربەڕووەکەی بناری تەپۆلکەکە .

قەلەرەشێك لەسەر بنەدارەکە نیشت و سێ جار قیڕاندی . سەلیمە بە قەلەڕەشەکەی گوت :

خێر بێ ... خێر بێ ... خێر بێ ...!

پەنجەی شادەی کردە قەلاّنگ‌و ئارەقی برۆکانی پێ سڕییەوە . پشتی کووڕ کردەوەو ملی ڕێگا مار پێچەکەی گرت . لە نیوەی ڕێگا گەیشتە ئەو کابرایەی بارەدارەکەی دەهێنایە خوارێ . ناسی . دراوسێکەی بوو :

ماندوو نەبی , خالۆ مەولوود .

سەلامەت بی , خوشکم . بە ناوەختی هاتووی !

سەلیمە هەناسەیەکە تازەی هەلّکێشا :

ژنی خاوەن منداڵ نیوەی هی خۆی نییە , خالۆ . تا منداڵەکانم دامەزراند , بوو بە نیوەڕۆ .

کابرا گوتی:

باشە , باشییەکەی لەوەدایە لە ڕۆژانی بەهار هەموو کەس بە ئارەزووی خۆی دەگا . هەرچی بتەوێ , ڕۆژگار درێژە . ئاماژەی بۆ سەرەوەی تەپۆلکەکە , بۆ شوێنێکی دوور کرد :

وریای بێشە بە . جانەوەر لەبەر گڕەی مێك و میراج ... تۆقیون و لە نشکەوە پەلامار دەدەن .

وریام , خالۆ . ئینسانی رووت‌و ڕەجاڵ پالّەوانی خودایە .

ئەمن لەوان کەمتر نیم .

بەهار , هەموو جێگایەکی گرتبووەوە . (با) بۆنی تاڵی شکۆفەی چواڵەی کێوی دەهێنا . سەلیمە ماندوو بوو . لقەدارەکانی چەپ‌و ڕاست بە تەورداس دادەپاچی و ئارەقی دەڕشت . دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا بوو. وەکوو نانی تەنك جوان و ناسك ببوو . ڕۆژ لە نیوەڕۆ زۆر تێپەڕی بوو . پشتی بە کۆتەرەیەك دا . ویستی بەندی دۆدانەکە بکاتەوە , کە گڕڕەیك بێشەی هەژاند . چەند شکۆفە چواڵەیەکی کێوی پەڕ پەڕ بوون‌و کەوتنە سەر زەوی . سەلیمە بە هەراسانی لە شوێن خۆی دەرپەڕی . سێ فڕۆکە بەرز بوونەوە تەشقی ئاسمان . تەپ‌و تۆزی تەقینەوە لەو دیو تەپۆلکەیەك بە هەوادا بڵاو دەبوودوە . کزەبایەك هێدی هێدی ڕەنگی تۆزەکەی کاڵ دەکردەوەو بۆ لای گوندی دەبرد کە ئێستا بە کپ و بێ دەنگی لەبەر پێی ژنە ڕاکشا بوو .

سەلیمە بە نزمی دەستی بە ورتە ورت کرد : سوپاس بۆ خودا زۆر لە ئێمە دوورە !

ئاگرمەلووچە , لەگەڵ چەند تەقینەوەیەکی تر , بە چریکەیەکی سەیر دوور کەوتنەوە . هەموو شوێنێ چۆڵ‌و هۆڵ‌و کپ‌و بێ دەنگ بوو . لقەدارێك بە قەدی درەختێك کەوت‌و دەنگێکی وەکوو لەش خوراندنی بە نینۆکی لێوە هات . بۆنێکی پیس و غەریب ,

جێگای بۆنی تاڵی شکۆفە چواڵەکانی گرتەوە .

سەلیمە هەستی بەخورشتێك کرد لەگەرووی کۆکی . هەستایەوەو بە نیگەرانی , بارەدارەکەی خستە سەر ڕێگا مارپێچەکە .

خۆرەتاو , خەریك بوو پەڕو باڵی لە دەشت و تەپۆڵکە دوورەکان دەپێچایەوە . ڕەنگی گوند, لەبەر سێبەری تەپۆلکەکە , خۆی بە شین دەئەنگاوت . سەلیمە سەری گوریسەکەی توند لە دەستی خۆی پێچابوو . وردە وردە , بە ئارەق ڕشتن , بارەکەی لە گەوی پێچەکان دەخشاندە خواریّو شلو پەیتی دەدایە گوریسەکە بۆ ئەوەی بارە دارەکە بەرزەفت ببیّو لەگەل خۆی غلۆری نەکاتەوە بنی گەڵی . کە گەیشتە دواپێچی تەپۆلکەکە , هەناسەی تەنگ بوو . هێشتا بۆنێکی غەریب لە هەوا دەهات . هەندیّ جار زووتر دەکەوتە بەر لووتو بڕیّ جاریش لەگەڵ هەڵکردنی (با) دا نەرم دەبوو . سەلیمە لەسەر زەوی دانیشت و بە تەقەلا بارەدارەکەی کردە کۆڵی . ناولەپی دەستەکانی دەسووتانەوەو کزەکزەیان دەکرد . گەیشتە بن داربەڕووەکە . قەلەرەشێك لەسەر پشت کەوتبوو و قاچەکانی بەرز کردبووەوە . مامۆ مەقدوور بەبیّ هەستو خوست ودەنگو سەدا پشتی بە درەختێکدا بوو . ژنە بە چاکی هەستی نەکرد مامۆ مەقدوور و وەکوو هەموو جاریّ گوتبێتی :

ماندوو نەبی ! بە خێر بێی ! .

بەڵام ژنە بە شەکەتی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وەکوو هەموو جارێ وەڵامی دایەوە :

سەڵامەت بی , مامۆ .

بە دوودڵی تەماشای لای مامۆ مەقدووری کرد . مامۆ سەری خستبووە سەر ئەژنۆکانی . پیشەقانی گرتبووە باوەش و دەستەکانی بۆ لای پێشەوە شۆڕ ببوونەوە . ڕەگ و ریشاڵی گیایەکی نیوەجووراوی لەبەر پێ یەق کرابووەوە . ژنە وای زانی مامۆ خەریکە بەندی خامینەکەی گرێ دەداتەوە . ئیتر کۆکەیەکی کردو بە دەنگێکی بەرز گوتی :

مامۆ ئەوە تۆ هەر خەوتووی . وەختە ڕۆژ ئاوا بێ . کەی مێگەل بەرەو ماڵ دەکەیتەوە ؟ ماڵ ئاوەدان ! "

مامۆ نەجوولایەوە . ژنە چاوی بڕییە مەڕەکان . سەریان بە پشتی یەکتر کردبوو و هیچ هەست و خوستیان نەبوو . نەدەپڕمین و کاوێژیان نەدەکرد . سەگی ران ملی خستبووە سەر خاکی فێنک .

کزەبایەکی نەرمی دەهات . بۆنەکە تا دەهات کەمتر دەبوەوە , بەڵام ژنە گەرووی هەر دەخورا . بە پەشۆکاوییەکی سەیر گوریسەکەی بەردا . بارەدارەکە بەربووەوە سەر زەوی . چووە لای مامۆ . باڵندەیەک لە دوورەوە , قیڕەی لێ هەستا .

وەی وەی .. وەی وەی .. وەی وەی ... !

سەلیمە , دڵی کەوتە قرت وفرت , ترس و دڕدۆنگی دایگرت , بەڵام چووە پێش . بە دوودڵی دەستی لەسەر شانی مامۆ دانا :

مامۆ , ئەوە بۆچی ...؟

مامۆ گلۆر بووەوە سەر زەوی‌و چاوە دەرپۆقیوەکانی روو لە تاقی ئاسمان لە مۆلەق وەستان ، سەلیمە قیژاندی‌و لە مامۆ دوور کەوتەوە . پێی لە کەلەشی مەڕێك جەڕاو دەمەوڕوو کەوتە سەر مەڕێکی دی . زریکاندی‌و لە خۆی هەڵدا . سەگی ران لە جێی خۆی وشك ببوو .

سەلیمە بە مستان وەرگەڕایە سینگی خۆی . سەرپۆشی لەسەر بووەوە. چنگی لە کەزی لووسی خوی گیر کرد . بە نینۆك دەم‌و چاوی خۆی رنییەوە . بە ئەژنۆی سڕەوە بەرەو ماڵ بووەوە . لە پەڕگەی دێ گەیشتە یەکەمین ماڵ , ماڵی خاڵۆ مەولوود بوو . بارەدارەکەی هێشتا هەر لەبن دیواری حەوشە بوو . خاڵۆ مەولوود کەمێ بە سەر تەنکێش دا لار ببووەوە . پشتی بە دیواری ماڵەوە دابوو . کلاشێکی نیوەچنراوی بە دەستەوە بوو . کلافە دەزووەکەی شەراوژێر کەوتبوو . سەری داوەکە لە بەینی ددانەکانی بە لالغاوەی دا شۆڕببووەوە . سەلیمە چڕنۆکی لە دەم‌و چاوی خۆی دا . خوێن لە جێ نینۆکەکانی فیچقەی کرد . هاواری کرد :

خاڵۆ , خاڵۆ , چ بەڵایەکمان بەسەر هات ؟ !

خالۆ مەولوود , بە چاوی لە قەپێلك دەرپۆقیوەوە , لە پشتبەستی دیوارەکە نز ببوەوە .

بۆنە غەریبەکە , لەگەڵ هەڵکردنی (با) دا کەمو زۆری دەکرد .

ژنە بە کۆکە کۆك , شانی دایە بەر دەرگای حەوشەی ماڵی خۆیان , کە لەگەڵ ماڵی خالۆ مەولوود دیوارێکیان بەین بوو و بە تەکانێك کردییەوە :

بەفرین .... هۆ بەفرین ! عەزیزی دڵم , لە کوێی ؟

بە چەند شاقاوێکی گەورە خۆی گەیاندە کولانەی مریشکان :

بەفرین خانەکەم , یووسفە ناسکەکەم , ئەوە خەوتوون ؟ خوایە , بمرم ! ئازیزەکانم , نیوەڕۆ هیچتان خواردووە یان نا ؟

بەفرین وەکوو دایکێکی بە سۆز یووسفی لەسەر باسکی وەك قامیشی قەلوونی خۆی خەواندبوو . جووجەلەکان لە تەنیشت مریشکەکە خپ ببوون . مریشکەکە بەبێ هەناسە سەری خستبووە ژێر باڵ و قنیاتی لە بەر برا بوو .

ژنە دەستی بچووك و چلکنی کچۆڵەکەی جوولاندەوە بۆ ئەوەی بە خەبەری بێنێ . نامەکە , لە بەینی یووسف و بەفرین دا , بە هێواشی دەجوولایەوە . ئەو چەند ریزەی لە نامەکەدا دەستی پێدا هاتبوو , زیاتر سڕابووەوە .

له دووره‌وه به‌فرینی کچی نازه‌نینم ماچ ده‌که‌م و قه‌پ له چه‌ناگه‌ی جوان و فندقیی ده‌گرم . چه‌ند رۆژێکی تر روخسه‌ت له خاوه‌ن کار وه‌رده‌گرم و دێمه‌وه‌و ...

مێروولّه‌یه‌کی مردوو , له‌سه‌ر چه‌ناگه‌ی شینی به‌فرین , به وردکه‌نانێکه‌وه نووسا بوو .

* * *

## ته‌واو

# سوپاس

* سوپاسی بنکەی ڕۆشنبیری شەهید دەکەم
بۆ ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبە .

* سوپاس بۆ مامۆستا بەختیار بۆ کاری هونەری کۆمپیوتەری و
سەرپەرشتی کردنی ئەم بەرهەمە .

نرخ ( 2000 ) دینـــاره

# Qelam Qameş

*Wergerani*
*Aziz Gardi*